گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003 لەنێوان بەربەستی دەستوری و دیموکراسی پێکەوەسازانیدا

**چاوان یاسین احمد**
بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان ، عێراق
Chawan.ahmad@univsul.edu.iq

**پ.ی.د.محمد صابر کریم**
بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان ، عێراق
Muhamed.karem@univsul.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/١٢
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١٣
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
دەستوور، دیموکراسی، دیموکراسی پێکەوەسازانی، وەرگۆڕانی دیموکراسی

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.13

**پوختە**

پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە عێراقی دوای 2003 ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و بەربەست بۆتەوە کە دیارترینیان پەیوەستن بەو گرفتانەی کەلە دەستوری 2005 ی هەمیشەیی عێراقدان، و بەشێکی دیکەشیان پەیوەندیدارن بەو ئاستەنگانەی کە دیموکراسییەتی پێکەوەسازانی لەم وڵاتەدا دروستیکردووە، بەو پێیەی ئەم جۆرە لە دیموکراسیەت ئەوەندەی هۆکاربووە لە قوڵکردنەوەی ململانێ ئیتنی و ئاینزاییەکانی عێراق ئەوەندە چارەسەری کێشەی فرەیی لەم وڵاتەدا نەکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەو گرفتانەی کەلەئەنجامی پیادەکردنی کەوتونەتەوە و بوونەتە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی و باش بەڕێوەچوونی ئەرکی دامەزراوە فەرمییەکانی وڵات.
ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی زانستییانە دەکۆڵێتەوە لەسەرەکیترین ئەو بەربەستانەی کەلەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسیدان لەعێراقی

هاوچەرخدا، لە میانەی گەڕان بەدوای چارەسەری کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە، کەخۆی لەو پرسیارە سەرەکییەدا دەبینێتەوە: ڕۆڵی دەستوری 2005ی عێراق و دیموکراسییەتی پێکەوەسازانی چییە لە وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003؟ ولەئەنجامی هەوڵە زانستییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە مۆدێلی دیموکراسی پێکەوەسازانی یەکێکە لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003، ئەمە سەرەڕای ئەو گرفتانەی کە پەیوەستن بە دەستوری هەمیشەیی 2005 و بوونەتە بەربەست لەبەردەم وەدینەهاتنی ئەو پرۆسەیەدا.

## گرفتی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بدەینەوە کە (ڕۆڵی دەستوری هەمیشەیی 2005 ی عێراق و دیموکراسییەتی پێکەوەسازانی چییە لە وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە عێراقی دوای 2003؟). هەروەها وەڵامی چەند پرسیارێکی لقی تریش بدەینەوە کە ئەمانەن:-

1-ئایا تاچەند لە دارِشتنی برگەکانی دەستوری 2005دا برگەکانی تایبەت بە دیموکراسی پێکەوەسازانی بەپێی بنەما و پرەنسیپە دیموکراسییە بنچینەییەکان دارێژراون؟

2-ئایا تاچەند رەفتار و هەڵوێستی پارت و هێزە رامیارییە سەرەکییەکانی پرۆسەی رامیاری عێراقی دوای 2003 رەنگدانەوەی بنەما و پێوەرە سەرەکییەکانی دیموکراسی پێکەوەسازانییە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گریمانەی توێژینەوە:

لەچوارچێوەی هەوڵە زانستییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کە گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە لە خۆیگرتوون، گریمانەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە مۆدێلی دیموکراسی پێکەوەسازانی یەکێکە لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003دا، ئەمە سەرەڕای ئەو گرفتانەی کە پەیوەستن بە دەستوری هەمیشەیی 2005 و بوونەتە بەربەست لەبەردەم وەدینەهاتنی ئەو پرۆسەیەدا.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە بەشێوەیەکی زانستیانە لێکۆڵینەوە لە پرسێکی گرنگی ناو پرۆسەی ڕامیاری عێراق بکەین، کە ئەویش تیشك خستنەسەر سەرەکیترین ئەو بەربەستانەیە کەلەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسین لە عێراقی هاوچەرخدا، لەو چوارچێوەیەشدا هەوڵدەدات بکۆڵێتەوە لەو ڕۆڵەی کە دیموکراسیەتی پێکەوەسازانی هەیەتی لە وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە عێراق، ئەمە سەرەڕای لێکۆڵینەوە لەو ئاستەنگانەی کە دەستوری هەمیشەیی 2005 ی عێراق لەو بوارەدا دروستیکردووە.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بەچەند میتۆدێکی سەرەکی دەبەسترێت کە بریتین لە میتۆدی وەسفی بۆ دەرخستنی واقیعی ڕامیاری و پێکهاتە سەرەکییەکان، هەروەها میتۆدی ئەرکگەرایی بونیادی(البناء-الوظيفي)، بە ئامانجی خوێندکاریکردنی ئەو چالاکییانەی کە بەردەوامبوونی سیستەمە ڕامیارییەکە دەیخوازێت و ئەوەش یارمەتیماندەدات بۆ ئاشکراکردنی فەرمانەکانی ئەو یەکانەی کە سیستەمە ڕامیارییەکە پێکیهێناوە، هەروەها میتۆدی دامەزراوەیش سوودی لێوەردەگیرێت لە زانینی دامەزراوەکانی سیستەمی ڕامیارییدا لەبارەی پێکهاتن و تایبەتمەندییەکانییان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لەپێش نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا و، لەم بوارەدا چەندین نوسین و بابەتی تر هەبووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دووبارەکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەوان نییە، بەڵکو جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی لەوەدایە کە دەکۆڵێتەوە لە بەربەستەکانی پەیوەست بە دەستوری هەمیشەیی 2005 ی عێراق و پەیڕەوکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی لە وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەم وڵاتەدا. وەك:

1-توێژینەوەی (د.شێرزاد سلیمان عبداللە و د.ئالان حمە سعید) بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنی دیموکراسی سازان لە ئەزموونی عێراقدا)، لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی تیشك خراوەتەسەر ناساندنی چەمکی پێکەوەسازانی و تایبەتمەندییەکانی لەگەڵ چۆنییەتی پیادەکردنی لە عێراقدا، و هەروەها خستنەڕووی ئەو ئاڵنگارییانەی دێنە بەردەمی، و کاریگەرییان لەسەر سەقامگیری سیستەمی ڕامیاری عێراق و ئاسۆکانی ئایندەیی.

2-هەروەها توێژینەوەی (ئازاد عوسمان ساڵح و زانا محمد انور) بەناونیشانی ( پرەنسیپی پێکهاتن و دیموکراتی پێکهاتنی لە کۆمەڵگا فرەییەکان)، ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستۆتەسەر سەرهەڵدان و جێبەجێکردنی پرەنسیپی پێکەوەسازانی لەعێراقی نوێدا، لەگەڵ پاڵنەرەکانی جێبەجێکردنی ئەم مۆدێلە لە دیموکراسی لەم وڵاتەدا، و هەروەها ئاماژەدان بەو مادده و بڕگە دەستورییانەی کە جەختیان لە پرەنسیپی پێکەوەسازان کردۆتەوە لە دەستوری هەمیشەیی 2005ی عێراقدا، ئەمەسەرەڕای ئاماژەدان بە جێبەجێکردن و خۆلادانی حکومەتەکانی عێراق لە پرەنسیپی پێکەوەسازانی لە کرار و ڕێکارەکانیان لە پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی عێراق لەدوای ساڵی 2003ەوە.

3-هەروەها لەم توێژنەوەیەدا سودێکی زۆر وەرگیراوە لە کتێبی ( گۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی عێراق وەك نموونە)، لە نوسینی (ساڵح عوسمان)، ئەم کتێبە تیشکی خستۆتەسەر کاریگەری پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەسەر سەقامگیری سیاسی لە عێراقی نوێدا، لەو چوارچێوەیەشدا جەخت لەسەر دیموکراسی پێکەوەسازانی و سیستەمی فیدراڵی عێراق کراوەتەوە وەك میکانیزمێك بۆ وەدیهاتنی سەقامگیری سیاسی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیۆری پەیڕەولێکراو: لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت دەبەسترێت بە دوو تیۆری سەرەکی ئەوانیش تیۆرییەکەی (ئارنت لیبهارت) و (چارلز تیللی)یە.

## پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی، لە دوو بەشی سەرەکی و کۆتایی و ئەنجامگیری و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەیەکی تیۆرییانە و چەمکییە بۆ ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی چوارتەوەرەدا دەخەرێتە ڕوو، بەجۆرێك لە تەوەرەی یەکەمدا (چوارچێوەیەکی تیۆرییە) لەبارەی تیۆرییەکانی هەریەك لە (چارلز تیللی) و (ئارنت لیبهارت)، هەروەها لە تەوەرەی دووەمیشدا چەمکی (میکانیزمی دەستوورییانە) توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت، و لە تەوەرەی سێیەمیشدا چەمکی (دیموکراسی پێکەوە سازانی) و لە تەوەرەی چوارەمیشدا چەمکی (وەرگۆڕانی دیموکراسی)، هەروەها بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ئاخاوتنکردن لەبارەی (گرفتەکانی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە عێراقی نوێ و ئاڵنگاری دەستوری و دیموکراسی پێکەوەسازانی) لەچوارچێوەی سێ تەوەرەی سەرەکیدا، بەجۆرێك لە تەوەرەی یەکەمدا تیشك دەخرێتەسەر (ئاڵنگاری دەستوریی 2005 و ژێرکەوتنەکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی) هەروەها لە تەوەرەی دووەمدا پرسی (ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم دیموکراسی پێکەوەسازانی لەعێراقی نوێدا) توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت، هەروەها لە تەوەرەی سێیەمیشدا ئاخاوتن لەبارەی (ڕۆڵی دیموکراسی پێکەوەسازانی لە وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003 )دەکرێت.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری و چەمکی

لەژیانی ڕامیاری نوێ و هاوچەرخدا بەتایبەت لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا، چەمکە سەرەکییەکانی دیاردەی دیموکراسی گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە، لەسەرئەوە توێژینەوە لەو چەمکە سەرەکییانەی کە ئەم دیاردەیە لەخۆیدەگرێت لە دەوڵەتێکدا کە تازە سیستەمە ڕامیارییەکەی دەرگای ژیانی دیموکراسی لەبەردەمدا کراوەتەوە، گرنگی و بایەخی زۆری هەیە،

لێرەوە و لەسەرئەوە بە پێویست زانرا کەلە چوارچێوەی تیۆریدا ئاماژە بەهەردوو تیۆری (ئارنت لیبهارت و چارلز تیللی) بدرێت، و هەروەها لەڕووی چەمکیشەوە توێژینەوە لەهەریەك لە چەمکەکانی (دەستور و دیموکراسی پێکەوەسازانی و وەرگۆڕانی دیموکراسی) بکرێت، لە چوارچێوەی چوارتەوەرەی سەرەکیدا کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

**تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەری تیۆری**

**تەوەرەی دووەم:میکانزمی دەستوریانە**

**تەوەرەی سێیەم:دیموکراسیەتی پێکەوەسازانیی**

**تەوەرەی چوارەم: وەرگۆڕانی دیموکراسی**

## تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

توێژینەوە لە پرسی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003 و ئەو ئاستەنگانەی کە پەیوەستن بە پەیڕەوکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی لەم وڵاتەدا، وادەخوازێت لەڕوانگەی تیۆری زانای ئەمریکی (چارلز تیللی) لەبارەی وەرگۆڕانی دیموکراسی و تیۆری زانای هۆڵەندی (ئارنت لیبهارت) بۆ دیموکراسی پێکەوەسازانی، شیکردنەوە بۆ بەربەستەکانی بەردەم وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی نوێدا بکەین.

تیۆرەکەی چارلز تیللی بۆ دیموکراسی لەسەر شیکردنەوەی چوار پێناسەی سەرەکی دەوەستێت، یەکەمینیان پێناسە دەستورییەکەیە کەجەخت لەسەر ئەو یاسایانە دەکات کە سیستەمێکی فەرمانڕەوایی لەبارەی چالاکیە سیاسییەکانەوە دایاندەنێت (دەریاندەکات)، بەمەش دەتوانین سیستەمە فەرمانڕەواییەکان جیابکەینەوە لەنێوان ئەوەی کەبە سیستەمی پادشایەتی دەستوری و سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، ئەم پێناسەیە پێودانگەلێکی دەستوری بەدەستەوە دەگرێت، کەسودی زۆریان هەیە لەبەراوردکاری مێژووییانەی فراواندا بەتایبەتیش ئەوەی کە پەیوەندە بە شەفافیەتی بچمە دەستورییە ڕێژەییەکانەوە.(تیللی، تشارلز،2010، صحفة 22-25)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسەی دووەم پێناسە جەوهەرییەکەیە کەجەخت دەکاتەوە لەسەر نزیکهێنی (مقاربات)ی مافە بنچینەییەکان لەسەر بارودۆخی ژیانی و ڕامیاری کەسیستەمێکی فەرمانڕەوایی بۆی تێدەکۆشێت یان هەوڵی پتەوکردنیان دەدات، وەلەسەر ئەوە دەوەستێت کەئایا ئەم سیستەمە هەوڵی پشتگیریکردن یان پتەوکردنی خۆشگوزەرانی خەڵک و سەربەستییە تاکییەکان و ئاسایش و دادپەروەری بۆیان و یەکسانی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا و ڕوێژکاری گشتی لەگەڵیاندا و دواجاریش چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکیەکانیان، بەم شێوەیە ئەگەر سیستەمێک تێکۆشانی بۆ ئەو چالاکییانە کرد ئەوا ئەتوانرێت بەسیستەمێکی دیموکراسی دابنرێت. (تیللی، تشارلز،2010، صحفة 22-25)

پێناسەی سێیەم پێناسە کارکردییەکەی کە جەختی لەسەر کۆمەڵێکی بەرتەسک لە مومارەسەی دەسەڵاتخوازییە تا ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەو مومارەسە دەسەڵاتخوازیانەدا ئەوە دیاریدەکرێت کە ڕژێمەکە دیموکراسییە یان نا، یەکێک لەوٚ مومارەسانەش کە زۆربەی توێژەران لەسەری ڕێککەوتوون بریتییەلە (بایەخپێدان بە هەڵبژاردنەکان)، و پرسیاری ئەوەدەکەن لەمبارەیەوە کە ئەگەر ئایا ئەو هەڵبژاردنانەی کەلەسەر کێبرکێیەکی ڕاستەقینە بەڕێوەدەچێت و ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتییان دەگرێتەوە یان لەخۆدەگرێت دەبێتەهۆی گۆڕینی دەسەڵاتداران و ڕامیاریدا، بۆیە ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکە ئاوەژووگەرا بوو و خاڵی بوو لە لەکێبڕکێ و تەنها وەک بۆنەیەک بۆ پلیشاندنەوەی نەیارانی حکومەت بەڕێوەچوو، ئەوا ئەو هەڵبژاردنە بەلای لایەنگرانی ئەم پێناسەیەوە هەڵبژاردنێکی ڕەتکراوەیە. (تیللی، تشارلز،2010، صحفة 22-25)

پێناسەی چوارەم ئاڕاستەی پرۆسێسییە، بەشێوەیەکی ڕوون جیاوازە لەسێ پێناسەکەی تر (دەستوری و جەوهەری و کارکردی)، لەبەرئەوەی ئەم پێناسەیە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی لایەنی کەمی پرۆسەگەلێک کەپێویستە بەبەردەوامی کاربکەن بۆ ئەوەی کە وەسف بکرێت بەوەی دیموکراسییە، ئەم پێناسەیە لەڕاستیدا لەسەر پێوانەکانی (ڕۆبەرت أ دال) دەوەستێت کەبریتییەلە:- (تیللی، تشارلز،2010، صحفة 22-25)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-نوێنەرایەتی هەڵبژێردراو

2-هەڵبژاردنی ئازاد و یەکسان و بەردەوام

3-ئازادی ڕادەربڕین

4- ڕاگەیاندنی ئازاد

5-ئەنجومەنە سەربەخۆکان

6-جیاکردنەوەی هیچ توێژێك لە هاوڵاتیان.

هەروەها تیۆرییەکەی(ئارنت لیبهارت) بۆ دیموکراسی پێکەوەسازانی لەبنەڕەتدا لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو پێناسەیەی دیموکراسییە کەلەسەر بنەمای (فەرمانڕەوایی زۆرینەی گەل) دەوەستێت، بەپێی ئەم ڕاقەیە پێویستە زۆرینە فەرمانڕەوایی بکات وە کەمینەش لەسەریەتی کەدەوری بەرهەڵستکار ببینێت، ئەم دیدە بۆ دیموکراسی لەگەڵ نموونەی دیموکراسی پێکەوەسازانیدا نایەتەوەیەک، کرۆکی ئەم تیۆرییەی لیبهارت لەسەر بۆچوونی(ئارسەر لویس) دەوەستێت کەدەڵێت " ناتوانرێت فەرمانڕەوایی زۆرینە و ئەو تەرزە سیاسییەی کەهەڵیدەگرێت لەگەڵ خۆیدا لەسەر بوونی حکومەتێک لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆن ڕادەوەستێت، دەکرێت وای لێبڕوانرێت کە دەسەڵاتێک بێت بەتاڵ بێت لەدیموکراسی. لەبەرئەوەی پرەنسیپێکە لەسەر دوورخستنەوە وەستاوە، لێرەوە (ئارسەر لویس)، دەڵێت " واتای سەرەکی دیموکراسی بریتییەلەوەی (لەسەر هەموو کارتێکراوان بەبڕیارێکی دیاریکراو پێویستە کەدەرفەتی بەشداریکردنیان هەبێت لەوەرگرتنی ئەو بڕیارانەدا یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە". بەڵام واتا لاوەکیەکەی تری دیموکراسی لای (لویس) ئەوەیە کە (پێویستە ئیرادەی زۆرینە بوونی هەبێت، بەم شێوەیە ئەگەر پارتگەلێکی سەرکەوتوو هەستن بەدەرکردنی هەموو بڕیارە حکومییەکان و دۆڕاوەکانیش (ئەوانەی نەیانبردۆتەوە) تەنیا ئەوەیان لەسەرە ڕەخنەبگرن، وە بۆیان نیە فەرمانڕەوایی بکەن.(نقلًا عن:آرند,ليبهارت, 2015, صحفة 55-56)

بەمشێوەیە هەردوو ئەو واتایەی چەمکی دیموکراسی لای (ئارسەر لویس) پێکەوەگوجاونین، لەبەرئەوەی دوورخستنەوەی کۆمەڵە و دۆڕاوەکان لەبەشداریکردن لە پرۆسەی دروستکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕیاردا شتێکە کەلەسەر پێشێلکردنێکی ڕوونی واتای سەرەکی دیموکراسی دەوەستێت.(آرند,ليبهارت, 2015, صحفة 55-56)

ئەوانەی کەبەرگری لە پرەنسیپی زۆرینە دەکەن مافی ئەوەیان هەیە کەوەڵامی خۆیان بۆ ئەوکێشەیە لەسەر،ئەوەبێت کەدەکرێت چارەسەری ئەو پێکەوە نەگونجاوییە لەسەر ئەو مەرجە بکرێت کە دوورخستنەوەی کەمینە شتێکە کەدەتوانرێت سووک بکرێت، ئەگەربێت و زۆرینە و کەمینە بەجێگۆڕکێی فەرمانڕەوایی بکەن، ئەوەش بەو واتایەی کەئەوەی ئەمڕۆ کەمینەیە سبەینێ لەهەڵبژاردنەکانی دواتردا دەبێتە زۆرینە، کەواتە ئەو حوکمەی بەسەردا نەدراوە کەهەتا هەتایە ئۆپۆزسیۆن بێت. .(آرند,ليبهارت, 2015, صحفة 55-56).

## تەوەرەی یەکەم: میکانزمی دەستوریانە

دەستور یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکان کەلەڕێگەیەوە شێوەی دەوڵەت و جۆری سیستەمی ڕامیاری و پەیوەندی نیوان دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت و ئەرك و بەرپرسیارێتییان دیاریدەکرێت، لەهەمانکاتدا لەڕێگەیەوە دەسەڵاتی ڕامیاری سنوربەند دەکرێت، بەشێوەیەك کەلەو چوارچێوەیەدا پیادەی دەسەڵاتی ڕامیاری بکات کە بۆی دیاریکراوە وەك یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دیموکراسی، ئەمەش لە پێناو پاراستنی ماف و ئازادی تاك و گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، لەهەمانکاتیشدا دەستورگرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەت بۆ کۆمەڵگە فرەییەکان، بەوپێیەی میکانزمێکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە، ئەمەش لەڕێگەی پێدانی ماف بە گروپ و کۆمەڵە جیاوازەکان و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوانیاندا، لەپێناو دەستەبەرکردنی سەقامگیری سیاسی.

لەمیانەی توێژینەوەی تیۆرییانە لە چەمکی دەستووردا ئاماژە بە گرنگترین ئەو پێناسانە دەدەین کە بۆ ئەم چەمکە کراون، لەوانەش ئەو پێناسەیەی کە دەڵێت دەستوور بریتییەلە کۆمەڵێك ڕێسای یاسایی، کەشێوەی دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی دەستنیشان دەکات لەڕێگای ڕێکخستنی دامەزراوە گشتییەکان لەڕووی پێکهاتن و دەسەڵاتەکانیانەوە لەگەڵ دیاریکردنی

پەیوەندی نێوانییان، ئەمە جگە لە دیاریکردنی ماف وئازادییە گشتییەکانی تاکەکان. (قادر، 2021، صفحة 49)

لەو پێناسەیەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە "دەستور میکانیزمێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێسا سەرەکییانەی کە بۆ بەڕێوەبردن و دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتی ڕامیاری دەوڵەت بەکاردەهێنرێت، لەهەمانکاتیشدا ماف و بەرپرسیارییەتی هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتە بەرامبەر تاك و دەوڵەت دیاریدەکات". (عبدالله س.، 2023)

هەروەها دەستور لە دەقەکانیدا ئاماژە بە جۆری سیستەمی حکومەت (کۆماری یان پادشایەتی)، چەشنی سیستەمی سیاسی (پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، حکومەتی ئەنجومەنی) شێوەی دەوڵەت (دەوڵەتی سادە یان ئاوێتە) و مافە بنەڕەتییەکان (سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، فەرهەنگی) دەکات. (قادر، 2021، صفحة 50)

دەستوری وڵاتان لەڕووی ناوەڕۆکەوە لەیەکدی جیاوازن، بەتایبەت لەڕووی ئەو پرەنسیپ و حوکمانەی کەلەخۆیان گرتووە، لەهەمانکاتدا لەڕووی ئەو میکانیزم و ڕێگایانەی کە بۆچارەسەرکردنی هەریەك لەو لایەنانە گیراونەتەبەر، بەجۆرێك دەستوری هەندێك وڵات زیاتر جەخت لەسەر لایەنی سیاسی دەکەنەوە، کە زیاتر پەیوەندی بە پراکتیککردنی دەسەڵاتەوە هەیە، لەبەرامبەریشدا هەندێك وڵات وێڕای گرنگیدانییان بە لایەنی سیاسی بایەخ بەلایەنە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و...هتد دەدات. (قادر، 2021، صفحة 76)

سەرەڕای ئەوانەی باسکران دەستور چەندین تایبەتمەندی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە ڕێسا یاساییەکانی دیکە، لەوانەش دەبێت ماددە و دەقەکانی دەستور ڕوون و ئاشکرابێت و ئەو واتا یاساییە بدات بە دەوستەوە کە یاسادانەری دەستوری مەبەستی بووە، و نابێت لەو مانایە بەولاوە هیچ مانا و لێکدانەوەیەکی تری هەبێت، بەڵام لەوانەیە بە پێچەوانەوە ڕەنگە هەندێك ماددە و دەقی دەستور جۆرێك لە ناڕوونی و لێڵیان پێوەدیاربێت یاخود زیاتر لە لەمانا و لێکدانەوەیك هەڵبگرن. (قادر، 2021، صفحة 88) ئەوەش بەیەکێك لە گرفتە بنەڕەتییەکانی دەستور دادەنرێت کە ڕەنگە لە ئەنجامدا کێشە لەنێوان دەسەڵاتەکان و دامەزراوەکان دروستبکات، لەهەمانکاتدا ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاکیش بخاتە مەترسییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لەڕووی جۆریشەوە دەستور چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش (دەستوری نوسراو و نەنوسراو، دەستوری درێژو دەستوری کورتکراوە، دەستوری کاتی و دەستوری هەمیشەیی، دەستوری نەرم و بەستوو یاخود جامد)، مەبەستیش لە دەستوری نوسراو ئەوەیە، زۆربەی بنەماکانی لەچوارچێوەی بەڵگەنامەیەکدا نوسرابێتەوە، بەڵام دەستوری نەنوسراو کۆمەڵێك بنەما و داب (عورف)ە کە بۆ ماوەیەکی زۆر کارییان پێکراوە تاوەکو بوونەتە یاسایەکی پابەند (ملزم) و هەندێکجاریش بە دەستوری عورفی ناودەبرێت، هەروەها مەبەست لە دەستوری درێژ ئەو دەستورانەن کە زۆر بابەتی جۆراوجۆر بە درێژی ڕێکدەخەن، بەڵام دەستوری کورت بە تەنها تیشك دەخاتە سەر ئەو بابەتانەی کە گرنگن بێ ئەوەی بچێتە ناو ووردەکارییەوە. هەروەها دەستوری کاتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخێکی لەناکاو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دادەنرێت، بۆنموونە لە کاتیك دەوڵەتێك سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت، یان سیستەمە سیاسییەکەی گۆڕانی بەسەردادێت، بەڵام دەستوری هەمیشەیی ئەو دەستورانەن کە دادەنرێن ئەوەی هیچ کاتێکی بۆ دیاریبکرێت، تا ئەو کاتەی پێویستییەك دێتە ئاراوە بۆ هەموارکردنەوەی یان هەڵوەشاندنەوەی، وەك دەستوری هەمیشەیی عێراق. (مستەفا، 2023، الصفحات 60-63-64)

هەروەها دەستوری بەستوو(الدستورالجامد) ئەو جۆرەیە لە دەستور کەبەئاسانی بڕگە و ماددەکانی هەموارناکرێت، واتە پرۆسەی هەمواركردنی دەقەکانی ئاسان نییە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەستووری نەرم (الدستور المرونة) پرۆسەی هەموارکردنی ئەحکامەکانی ئاسانە و سەخت نییە، بەهەمان شوێوەی یاسای ئاسایی هەمواردەکرێت. (ڕەسول، 2024، الصفحات 11-12)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت بەوپێیەی لە کۆمەڵگە فرەییەکاندا ئامانج و بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکانی گروپە ئاینی و نەتەوەیی ...هتد جیاوازن و هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، لەبەرئەوە ڕێکخستنی دەستوری* ئەم کۆمەڵگەیانە جیاوازە لە کۆمەڵگە یەکگرتووەکان، هەربۆیە ئەرکی دەستور لەو وڵاتانەدا بەتەنها بریتی نییە لە دیاریکردنی سروشتی سیستەمی فەرمانڕەوایی و چوارچێوە گشتییەکانی دەسەڵات و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکان، بەڵکو ئەرکی دەستور لە وڵاتە فرەییەکاندا پەیوەستە بە پرسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستەی دامەزراندنی دەستوور بەو پێیەی ئەو کۆمەڵگەیانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و گرفت دەبنەوە کە پێویستە لە ڕێگەی میکانیزمی دەستورییەوە چارەسەر بکرێن. (کوران، 2010، صفحة 54)

لەسەرئەوە دەستوری وڵاتە فرەییەکان بە میکانزمێك دادەنرێت بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەتی گروپە نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزا جیاوازەکان، و ڕێکخستنی مافی گروپە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا بەو پێیەی لە وڵاتە فرەبییەکاندا هەریەك لەو گروپانە خاوەنی کلتوری کۆمەلایەتی تایبەت بە خۆیانن و داواکاری و خواستی تایبەتی سیاسییان هەیە، وەك مافی ( خۆبەڕێوەبەری و مافی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایك و چەسپاندنی نوێنەرایەتی سیاسی دادپەروەرانە). (کوران، 2010، صفحة 55)

لە هەمانکاتدا دەستور بە میکانزمێکی گرنگ و کاریگەر دادەنرێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەکان و مافەکانییان دەپارێزێت، ئەوەش لەرێگای ڕێگریکردن لەو هەولانەی کە ڕەنگە لەهەرکاتێکدا لەسەر بنەمای حوکمی زۆرینە بۆ بێبەشکردنی کەمینەکان لە دەسەڵات ڕوودات، لەهەمانکاتدا دەستوری وڵاتە فیدراڵییەکان بە میکانیزمێکی گرنگ دادەنرێت لە دابەشکردنی دەسەڵات و پێدانی جۆرێك لە سەربەخۆیی ناوچەیی بۆ گروپێکی کەمینەی دیاریکراو، وەك ئامرازێك بۆ ڕاگرتنی ئەو ململانێ و ناکۆکییانەی کە دەکرێت پەرەبسێنێت لە ئەنجامی بێ بەشکردنی کەمینەکان لە دەسەڵات و پێشێلکردنی مافەکانیان. (قادر، 2021، صفحة 56)

لێرەوە و لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەستوور میکانیزمێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، بەوپێیەی باڵاترین یاسایە لە لوتکەی هەرەمی یاساکان، و لەڕێگەیەوە دەسەڵاتی سیاسی پابەند دەکرێت کە ڕێز لە یاساکان بگرێت و لە سنوری دیاریکراوی خۆیدا پیادەی دەسەڵاتەکەی بکات، بێگومان ئەوەش پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی هاولاتییانی لێدەکەوێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی دووەم: چەمکی پێکەوە سازانیی

چەمکی پێکەوەسازانیی یەکێکە لەچەمکە گرنگ و پڕبایەخەکانی بواری زانستی ڕامیاری، بەوپێیەی بووەتە جێی بایەخپێدانی زۆرێك لە بیرمەندان و توێژەرانی ئەو بوارە و لەچەندین لایەن و ڕووەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوەکراوە، چونکە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرێك لە دەوڵەتەکان لەڕووی پێکهاتەوە فرە (نەتەوە و ئاین و کلتور و...هتد)ن و وەك یەکێك لە میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی ململانێ ناوخۆییەکان پیادەی دەکەن، ئەمەش لەپێناو پاراستنی سەقامگیری ناوخۆیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان لایەنە جیاوازەکاندا.

زاراوەی پێکەوە سازانیی لەڕووی زمانەوانیەوە لە زمانی کوردیدا لە وشەی (ساز) ەوە هاتووە کە بە واتای ساز و ئامادە دێت، لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (التوافق) لە کرداری (وفق)ەوە هاتووە کە بەمانای گونجان و ڕێککەوتن دێت، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە شتێك لەدوای پەرتبوونی کۆبکرێتەوە ، هەروەها بە مانای گرتنەبەری ڕێگەی بە کۆمەڵ دێت، هەروەها بە مانای ڕککەوتن لەگەڵ زۆرینە دێت.لە زمانی ئینگلیزیشدا لەبەرامبەردەستەواژەی (سازان) (Consociational) بەکاردێت کە بەمانای ڕێککەوتن دێت. (عبدالله و حمەسعید، 2024، صفحة 33)

بەڵام وەك پێناسە ئەوا زاراوەی (پێکەوە سازانیی) چەندین لێکدانەوە و ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆکراوە لەوانەش لە فەرهەنگی (معجم المصطحات العلوم الاجتماعية)دا هاتووە کە(سازان) بریتییە لە "دۆزینەوەی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان تاك و گروپەکان لە دۆخێکی دیاریکراودا، لە پێناو خۆگونجاندن وتا بتوانن پێکەوە هەڵبکەن". (بدري، 1984، صفحة 8) هەروەها لە (قاموسي الميسرة للمصطلحات السياسية)دا، هاتووە کە (پێکەوەسازانیی) بریتییە لە "پرۆسەی کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و دیاریکردنی ڕۆڵی تاك و گروپەکان لەناو سیستەمێکدا". (عبدالكافي، صفحة 134) هەروەها لە فەرهەنگی ئەنسکلۆپیدیادا هاتووە (سازان) بریتیە لە: "ئازادی دەوڵەتی پێکەوەسازانیی، ئەو دەوڵەتەی دانیشتوانەکەی لەچەند کەمایەتیەکی نەژادی، ئەتنی، ئاینی و زمانەوانی جیاواز و ناڕێک پێکدێن هیچ لایەنێکیان زۆرینە پێکنایەنن". (فاتح، 2022، صفحة 47)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرلە چوارچێوەی پێناسەی چەمکی پێکەوەسازانیدا پێناسەکەی زانای هۆڵەندی (ئارێنت لیبهارت) دەخەینەڕوو کە لەکتێبی (دیموکراسی تەوافقی لە کۆمەڵگای فرەییدا) دەڵێت "بە پشت بەستن بە چوار تایبەتمەندی، ڕیەگەزی یەکەم و گرنگترین تایبەتمەندی بریتییەلە فەرمانڕەوایکردن لە میانەی هاوپەیمانی فراوان لەسەرکردە سیاسییەکان لەسەرجەم پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگەی فرەیی، ئەمەش دەکرێت چەندین شێوەی جیاواز بگرێتەوە، لەوانە پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی فراوان یان لیژنەیەکی فراوان کە هەڵگری ئەرکە ڕاوێژکارییە گرنگەکان بێت، یان هاوپەیمانییەتیەکی فراوان بۆ سەرۆك و ئەوانی دی لە خاوەن پۆستە باڵاکانی دیکە ل سیستەمی سەرۆکایەتیدا، بەڵام سێ ڕەگەزەکەی تر لە دیموکراسی پێکەوەسازانی بریتین لە ڤیتۆی دوولایەنە یان فەرمانڕەوایی زۆرینەی ڕەزامەند، کە بەکاردەهێنرێت وەك پارێزبەندییەکی زیادە بۆ بەرژەوەندییەکانی کەمینەی چالاك، هەروەها بەشداری ڕێژەیی وەك پێوەرێکی بنەڕەتی بۆ نوێنەرایەتی سیاسی و دامەزراندن لە بوارەکانی خزمەتگوزاری شارستانی و تەرخانکردنی بودجەی گشتی، ئەمە سەرەڕای دابینکردنی ئاستێکی باڵا لە سەربەخۆیی بۆ هەموو کەرتەکان لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆییان .(لیبهارت، 2006، صحفة 47)

بەڵام جیرارد لامبروغ (Gerhard Lehmbrush) پێناسەی خۆی بۆ چەمکی (پێکەوەسازانیی) هەیە و دەڵێت "ستراتیجیەتێکە بۆ بەڕێوەبردنی ململانێکان لەڕێگەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان پێکهاتە و نوخبە جۆراوجۆرەکان لەبری کێبڕکێ و بڕیاردان لەلایەن زۆرینەوە". (فيروز و بومية، 2019، صفحة 3)

هەروەها بایەخپێدەرانی توێژینەوە لە چەمکی پێکەوەسازانیی، لەپێناسەکردنی ئەم چەمکەدا چەند واتایەکیان بۆ ئەم چەمکە دیاریکردووە کەلەمانەی خوارەوەدا خۆدەگرن:- (سالح و انور، 2019، صفحة 125)

1-پێکەوەسازانی وەک هونەری ئیدارەدانی قەیرانەکان، ئەمەش لەڕێگای بانگهێشتکردنی گشت لایەنەکان بۆ بەشداریکردن و گەیاندنی داواکاریەکانیان، هەموو ئەمانەش بەهۆی توانا و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکانی ناو سیستەمەکە، نەک بەکارهێنانی هێزی لەشکری و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناچارکردن.

2-پێکەوەسازانی وەک ئامرازێکی پەیوەندی، شێوازی دیموکراسی پێکەوەسازانی فەرمانڕەواییکردن وەک ئامرازێک بەردەوام لەپەیوەندیدایە لەنێوان پێکهاتە و نەژادە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا دابەشبووەکان و بەپێی قۆناغەکانی مێژوو ئەم پەیوەندییە بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوەو، چارەسەری قەیرانەکانی ناوخۆی کردووە وەک وڵاتانی (نەمسا، سویسرا، بەلچیکا، لوبنان).

3-پێکەوەسازانی وەک ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لەکۆمەڵگا دابەشبووەکان بەزەقی دەردەکەوێت، بۆیە لەڕێگای ئەم پرەنسیپە هەوڵی گرێدانەوەی کۆمەڵگا دەدرێت بۆ دروستکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی.

4-پێکەوەسازانی وەک خاڵی یەکلایکەرەوە، ئەرکی بنەڕەتی پرەنسیپی پێکهاتن بریتیەلە نیوەندگیریی لەنێوان گروپە ئیتنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیە جیاواز و ناتەباکان یان ناکۆکەکانی کۆمەڵگادا، ئەمەش لەڕێگەی چارەسەری یەکلایکەرەوەوە دەبێت، کەزۆربەی جار بە دانوستاندن و ڕێککەوتن لەنێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە دەکرێت.

یەكێك لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵی هەیە لە پیادەکردنی دیموکراسی پێکەسازانی لەکۆمەڵگە فرەییەکاندا ئەوەیە کە دیموکراسی لەفۆڕمی زۆرینەی سیاسیدا*[1] توانای کۆنترۆڵکردنی سەقامگیری و دروستکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەردەوامی نیە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، هەرلەبەرئەوەشە ململانێی تائیفی و نەتەوەیی و ئاینزایی دروستدەبێت کەجیاوازن لەململانێ سیاسیەکان، چونکە ئەو جۆرە ململانێیانە، ململانێی زاڵبوونی پێکهاتەیەکە بەسەر ئەوانی تردا لەڕێگەی سەپاندنی کلتور و تێڕوانینەکانی خۆی بەسەر دەوڵەتەکەدا بەگشتی، هەروەها ئەوەش قبوڵ ناکات کە ملکەچی هیچ کام لە پێکهاتەکانی تری

* هێمایە بۆ ئەو شێوازەی دیموکراسی کە بە دیموکراسی زۆرینە دەناسرێت و (ڕۆبرت أ دال) بەمشێوەیە ئاخاوتنی لێدەکات " زۆرینەی سیاسی بەشێکی گرنگی دیموکراسییە بەڵام پێویستە لەگەڵ پاراستنی مافی کەمینەکان و یاسای دادپەروەرانەدا هەماهەنگ بێت، هەروەها مەبەست لێی ئەوەیە پێویستە لە پرۆسەی دیموکراسیدا ڕێز لە بیروڕای
زۆرینە بگیرێت بەڵام مافی کەمینەکانیش پارێزراوبێت".

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناو دەوڵەتەکە بێت، لەو حاڵەتەشدا یەکلایکردنەوەی ململانێکان هەروا ئاسان نیە مەگەر ئەو پێکهاتانە گەرەنتی پشک و کاریگەریی خۆیان بکەن لەدەوڵەتدا. (سوزة، 2021، صفحة 47)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەبدەین کە دیموکراسی پێکەوەسازانیی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە پێی وایە "توندی لە دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆسەر بەردەوامی و مانەوەی دەوڵەت، لەبەرئەوە پێکەوەسازانیی زەمینەیەکە بۆ ڕەخساندنی سەقامگیری سیاسی لەو کۆمەڵگەیانە". (عمل، 2015)، ئامانجی ئەم جۆرە لە دیموکراسی دەستەبەرکردنی سەقامگیری و ئاسایشە، ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە کەلەو کۆمەڵگایانەدا خوازراوە کە خاوەن تایبەتمەندی فرەیین و هاوکاتیش فرەییەکی ئەرێنی نییە بەڵکو نەرێنییە، بەو واتایەی کە بەبووەتە هۆی سەقامگیری و هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجەشی لەڕێگەی کۆمەڵێك پرەنسیپەوە دەدات کەلەسەروو هەموویانەوە پێکهاتنە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا سەبارەت بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیکردن. (ئەمین، 2008، صفحة 48)

توێژینەوە لەلایەنی چەمکیانەی پێکەوەسازانی ئەوە دەخوازێت لەسەر گرنگترین بنەماکانی ئەم چەمکە بوەستین، ئەوەش لەوێوە کە زانینی ئەم بنەمایانە سودی زۆری هەیە بۆ چەند تەبابوونی ئەم مۆدێلە لە دیموکراسی لەگەڵ پرسی وەرگۆڕانی دیموکراسیدا، گرنگترین ئەو بنەمایانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:-

1- هاوپەیمانیی بەرفراوان: مەبەست لێی هاوپەیمانیەتیەکی گەورەیە کە سیمای بنەڕەتی دیموکراسی پێکەوەسازانی پێکیدەهێنێت و، بەبڕوای (لیبهارت) سودی سەرەکی ئەم دیموکراسییە ئەوەیە کە هاوکاری نێوان دەستەبژێرو سەرکردە ڕامیارییەکانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگایەکی فرەیی دەکات، بۆ ئەوەی هەموان بەشداربن لەحوکمڕانیدا، بەم شێوەیەش ئەم بنەمایە پێچەوانەی مۆدێلی دیموکراسی زۆرینەیە کەلەسەر بنەمای زۆرینەی ژمارەی کێبڕکێکار دامەزراوە. گرنگی و ئەرکی هاوپەیمانیەتی گەورە کاتێک دەردەکەوێت کە لەچوارچێوەی دیموکراسیدا هەڵبەسەنگێنرێت، ئەوەش لەوێوە کە لە دیموکراسی پێکەوەسازانیدا کێبڕکێ لەنێوان دوو بنەمای گرنگدا هەیە، ئەوانیش (کۆدەنگی و پرەنسیپی زۆرینە)، هەرچەندە پرەنسیپی کۆدەنگی دیموکراسیترە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەزۆینە بەڵام لەواقعدا ئەستەمە بتوانین ئەو کۆدەنگیە هەمووکات دروستبکرێت، بۆ چارەسەری کێشەکان ، لەبەرئەوە زۆربەی دەستووره دیموکراسییەکان پەنایان بردۆتەبەر بەکارهێنانی یاسای زۆرینەی سادە، بۆیە بڕیارەکانی پەیوەست بەپرسە ئاساییەکان و ڕێژەی زۆرینە بۆ بڕیارە گرنگ وهەستیارەکان. (بوقاعدة، 2020، صفحة 107)

2-مافی ڤیتۆ (ڤیتۆی یەکتر): ئەم مافە پێوەرێکی گرنگ و حەتمییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی، بەوپێیەی کە تەواوکەری هاوپەیمانی فراوانە، ئەوەش لەوێوە کە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی دەسەڵاتی کەمینە کارێکی نەریتییە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەشداریکردنی گروپ و کەرتە بچووکەکان لەناو هاوپەیمانی فراواندا هیچ گرەنتییەکیان بۆ فەراهەمناکات، بەڵکو ئەوە تەنها ڤیتۆیەکە دەتوانێت گرەنتی تەواو بەهەر پێکهاتەیەک بدات لەپرۆسەی ڕامیارییدا، کەواتە مافی ڤیتۆ لەسیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات لەکۆمەڵگا فرەییەکاندا بەدواین چەک دادەنرێت کەلەبەردەستی کەمینەکاندایە، ولەڕێگەی کۆمەڵێک میکانیزمی دەستوریی و یاساییەوە کەئەگەری دەسەڵاتی دیکتاتۆری زۆرینە لەوڵاتدا سنورداردەکا. (ساعد، 2019، صفحة 1734)

3-بنەمای بەشداریی ڕێژەیی: مەبەست لێی ئەوەیە کە هەموو پێکهاتە و گروپە جیاوازەکان بەگوێرەی ژمارە و ڕێژەی دەنگەکانیان کاریگەرییان هەبێت لەسەر پرۆسەی بڕیاردان ، ئەم ڕێژەیی بوونەش دوو ئەرکی گرنگ ئەنجامدەدات، لەوانەش دابەشکردنی پلەو پۆست و دامەزراندن لەئیدارە گشتیەکاندا بەشێوازێکی دادپەروەرانە و، دووەمیشیان بریتییەلە بەشداری هەموو پێکهاتەکان لەپرۆسەی بڕیارداندا، لەم بارەیەوە (یورغ شتالیز) بنەمای ڕێژەیی بەوە پێناسە دەکات کەهەموو گروپەکان کاریگەریان لەسەر بڕیارێک هەبێت بەپێی ڕێژە و ژمارەی خۆیان، لەوچواچێوەیەشدا بەشداری ڕێژەیی و هاوپەیمانیەتی فراوان پەیوەندیان پێکەوە هەیە و، بەشداری ڕێژەیی کەم تا زۆر تەنها لەحاڵەتێکدا گرەنتی دەکرێت کەبڕیارەکان بە بەشداری هەموو گروپەکان بێت. (ساحلي، 2019، صفحة 209)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- سەربەخۆیی ناوچەیی یاخود ئۆتۆنۆمی: بەوپێیەی یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی و لەرێگەیەوە کەمینەیەکی دیاریکراو خۆی حوکمڕانی خۆی دەکات، لەو هەرێمەدا کەتایبەتە پێی و، لەچوارچێوەی پرەنسیپی هاوپەیمانی فراوان بڕیار لەسەر هەموو ئەو بابەتانە دەدرێت کەپەیوەندییان بەهەموو لایەنەکانەوە هەیە، وەك پێدانی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن بەهەموو ناوچە و کوتلە جیاوازەکان کەمەبەست لێی هەرێمەکانە. لەگەڵ دابەشکردنی ڕێژەیی داهاتی حکومەت بەسەر هەر هەرێمێکدا. لەڕاستیدا ئەم شێوازە هاندەرێکی بەهێزە بۆ ڕێکخستنی بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، هەروەها فۆرمێکی تایبەتی سەربەخۆیی ناوچەیی خۆی لە (فیدراڵیزم) دەبینێتەوە کەپرۆسەیەکی سیاسی حوکمڕانییە لەرێگەی هەبوونی سەروەریەکی هاوبەشی گشتی و جۆرێك لەئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی بۆ هەرێمەکان، لەرێگەی حکومەتە خۆجێیەکانەوە لەسەر بنەمای شێوازێکی تایبەتی دابەشکردن و ڕێکخستنی حوکمڕانی لەرێگەی پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی لەلایەک و پاراستنی هەمەجۆریەتی وڵات لەلایەکی دیکەوە. (ابوجاموس، 2020، صفحة 10)

بەمشێوەیە و بەوەستان لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەمان لێکردووە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دیموکراسی پێکەوەسازانی وەك شێوازێکی سەرەکی و دیاری دیاردەی ژیانی ڕامیاری هاوچەرخ زیاتر لەو کۆمەڵگەیانەدا باوە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان فرەییە، ئەوەش لەڕووی (ئاینی، نەتەوەیی، مەزهەبی،...هتد)، بەوپێیەی بوونی ئەو جیاوازیانە کاریگەری لەسەر ئاسایش و سەقامگیری سیاسی دادەنێت، خۆ ئەگەر هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی وڵات لە دەسەڵاتدا بەشدارییان پێنەکرێت ئەوا مەترسی دروستدەبێت بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

## تەوەرەی سێیەم: چەمکی وەرگۆڕانی دیموکراسی

بابەتی وەرگۆڕانی دیموکراسی پرۆسەیەکی گرنگ و زیندوو پێکدەهێنێت، لە ژیانی ڕامیاری کۆمەڵگا ڕامیارییەکاندا، بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی کەخاوەن سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرین و لەژێر کاریگەری هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا دووچاری وەرچەرخان و گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەبنەوە، لێرەوە و لەسەرئەوە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەرگۆڕانی دیموکراسی و فاکتەرە کارتێکەرەکانی بەپێویستدەزارنرێت کە ئەم بەشەی توێژرینەوەکە تەرخانبکرێت بۆ ئاخاوتنکردن لە چەمکی وەرگۆڕانی دیموکراسی.

سەرەتا پێویستە لەڕووی زمانەوانییەوە ووشەی (وەرگۆڕان) شیبکەینەوە کەلە زمانی عەرەبیدا (التحول) بەکاردەهێنرێت و مەبەست لێی (گۆڕانکارییە)، واتە گۆڕانکاری لە شتێك یاخود گواستنەوە لە فۆڕمێکەوە بۆ بۆ فۆڕمێکی دیکە، لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیشدا (وەرگۆڕان) لەبەرامبەر ووشەی (transition) بەکاردەهێنرێت، کە مەبەست لێی بریتییەلە تێپەڕین یاخود گواستنەوە لە دۆخێکی دیاریکراوەوە بۆ دۆخێکی دیکە. (نسرين، الصفحات 43-44).

هەرچی پەیوەندی بەلایەنی زاراوەیی چەمکی وەرگۆڕانی دیموکراسییەوە هەیە، ئەوا چەندین پێناسەی جۆراوجۆری لەلایەن توێژەران و پسپۆڕانی بواری زانستی ڕامیارییەوە بۆ کراوە، لە وانەش ( د.النعمى السائح العالم) کە ڕای وایە پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی "پرۆسەیەکی گواستنەوەیە لە سیستەمێکی تاکەکەسی و دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستەمێکی فرەیی، هەر بۆیە بە پرۆسەیەکی ئاڵۆز دادەنرێت چونکە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ئامانج و ئەو پرۆسانەی کە کاریگەرییان لەسەر دابەشکردن و پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەیە". (العالم، 2017، صفحة 71)

یاخود پرۆسەکە لەڕێگەی ڕیفۆرمی دامەزراوە ڕامیارییەکان و لە میانەی کارڕاییی جۆراوجۆری گرێدراو بە سروشتی پارتە سیاسییەکان و بونیادی دەسەڵاتی رامیاری و ڕەواییەکەی و ڕوانگەی کلتوری گشتی و داهاتووی سیستەمی ڕامیاری کە تیایدا وەرگۆڕانی دیموکراسی ڕوودەدات. (شريف، 2021، صفحة 22)

هەروەها (د. ماجدة عبد الشافي) بەم جۆرە پێناسەی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی دەکات و دەڵێت: "پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی بریتییە لە گواستنەوە لە سیستەمێکی نادیموکراسییەوە بۆ سیستەمێکی دیموکراسی لەماوەیەکی دیاریکراودا، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵێك ڕێسا و ڕێکار کە پەیوەندی نێوان خەڵك و فەرمانڕەوا ڕێکدەخات و، ڕێگە دەدات بە خەڵك تا توانای ڕەتکردنەوە و قبوڵکردنی دەسەڵاتداران و چاودێریکردنی کارەکانیان هەبێت، لەبەرامبەریشدا هەڵدەستێت بەپابەندکردنی ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان لە چوارچێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵێك ڕێسا و دامەزراوەدا تاوەکوگوێڕپەڵ و پابەندی یاساکان بن". (نقلاعن:منصور، صفحة 12)

لەپرسی توێژینەوە لە چەمکی وەرگۆڕانی دیموکراسی، لەسەرمانە کە ئاماژە بەو فاکتەرانە بکەین کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی وەدیهاتنی ئەم چەمکە هەیە و لەمبارەوە توێژینەوەی پێویست ئەنجامبیدرێت، بەمشێوەیە سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم فاکتەرانە ئەوا دەکرێت بوترێت کە بەشێوەیەکی دینامیکییانە نەکهەر لە هاندان بەڵکو لە پێشخستنی ئەو پرۆسەیەدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و، لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەش بەشێکیان پەیوەندییان بە فاکتەرە (ناوخۆییەکان)ەوە هەیە و بەشێکی دیکەشیان بە فاکتەرە (دەرەکییەکان)ەوە. بەمجۆرە گرنگترین ئەو فاکتەرە ناوخۆییانەی کە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی دادەنێن بریتیین لەمانەی خوارەوە:-

1- شکستهێنان و هەرەسی دەسەڵاتی هەژموونگەرایی: کە ئەمەش زۆرجار بەهۆی لەدەستدانی ڕەوایەتی-شەرعیەتی ئەو سیستەمە سیاسیەوە ڕوودەدات کە چیتر ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بمێنێتەوە، هەروەها دەکرێت کە تەنگەژەی ڕەوایەتی سیستەمی سیاسی بەشێکیدا پەیوەندی بە سەرکەوتن یاخود شکستی ئەو ئامانجەوە هەبێت کە لەپێناویدا دەسەڵات بەرەو ستەمکاریی براوە، لەوانەش ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی (ئابوری و سیاسی و ...هتد)، بەتایبەت کاتێك کە سیستەمێکی سیاسی لە ناوخۆدا ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و هێزی نوێ دەبێتەوە، و بێ توانا دەبێت لە ئاست ڕووبەڕووبوونەوەیان، لەبەرئەوە دەبینرێت کە سیستەمە ڕامیارییەکە هەنگاو بەرەو پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی دەنێت. (نسرين، صفحة 61) یاخود کاتێك کە سیستەمێکی فەرمانڕەوایی ناتوانێت وەڵامی داواکارییەکانی جەماوەر بداتەوە و ناشتوانێت سیستەمێکی نوێ پەیڕەو بکات ، ئەوا هاوڵاتییەکانی داوای چاکسازی دەکەن و، زۆرجاریش بۆ هێنانەدی سیستەمێکی نیشتیمانیی نوێ شۆڕش بەرپا دەکەن، وەك ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە بەهۆی خراپی باری ئابورییەوە کۆتایی پێهێنرا. (عوسمان، 2021، صفحة 70)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- بژاردەی سەرکردە سیاسیەکان: بەیەکێکی دیکە لە فاکتەرە ناوخۆییەکان دادەنرێت، بەو پێیەی کە هۆکارێکی سەرەکیی پێکدەهێنێت لە پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسیدا، بەتایبەت ئەو کاتەی کە بەشێك لەسەرکردە سیاسییەکان گۆڕانی دیموکراسی بە کلیلی هەموو چارەسەرەکان دەزانن، نموونەی ئەوەش ئەو هەنگاوەی (فريدريك ويايم دى كلريك) سەرۆکی پێشووی باشوری ئەفریقیا بوو کە سیستەمی ڕامیاری لەم وڵاتەدا بەرەو دیموکراسی برد. (عوسمان، 2021، صفحة 70)

لەهەمانکاتدا پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی پەیوەندی بە گۆڕانکاری لە تێڕوانینی نوخبە و سەرکردە سیاسیەکانیشەوە هەیە، بەوپێیەی کە ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویستی بە سەرکردەیەك هەیە کە توانا و بوێری ئەوەی هەبێت بڕیار لەسەر گۆڕانکاری بدات، چونکە ئەنجامدان و نەدانی وەرگۆڕانی دیموکراسی و شکست و سەرکەوتنی، پێویستی بە سەرکردایەتیکردنی نوخبەیەکی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی کە بتوانێت ڕووبەڕووی نەیاران و بەرهەڵستیکاران ببێتەوە. (نسرين، صفحة 62),ئەمە جگە لە کاریگەری گەشەکردنی هێزی ڕامیاری نوێ لەناوخۆی دەوڵەتدا، وەك (ئۆپۆزسیۆنی سیاسی) و ڕۆڵی چینی ناوەڕاست و پارتە سیاسیەکان و سەندیکا پیشەییەکان و ڕۆڵی میدیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو لەهێنانەکایەی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسییدا. (العالم، 2017، صفحة 72)

3-پرسی قەیرانە ئابوریەکان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای مەدەنی: بەو پێیەی کە پێشکەوتنی وڵات لەڕووی ئابورییەوە دەبێتەهۆی ڕەخساندنی بناغەیەکی گونجاو و ژینگەیەکی لەبار بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی، ئەوا لەبەرامبەریشدا خراپی و قەیرانی ئابوری هۆکارێکی گرنگ پێکدەهێنێت بۆ لەرزۆك بوون و هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە تۆتالیتارییەکان، ولەشێوەی نائارامی و خۆپیشاندانی جەماوەریی کە داوای هێنانەکایەی چاکسازی زیاتر دەکەن بۆ ڕێگریکردن لە کۆنترۆڵکردنی گروپێکی بچوك کە دەستیگرتووە بەسەر سەرچاوە دارایی وئابورییەکانی وڵاتدا، لەهەمانکاتیشدا بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای مەدەنی بە فاکتەرێکی ناوخۆیی بەهێز دادەنرێت لە هێنانەکایەی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی و بوونە بەربەستێك لەبەردەم گەڕانەوەی پاوانخوازییدا. (نسرين، صفحة 63)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچی سەبارەت بە فاکتەرە دەرەکیەکانیشە ئەوا پەیوەندیدارن بەو گۆڕانکاریانەی کەلە ژینگەی نێودەوڵەتیدا ڕوودەدەن، بەتایبەت ڕۆڵی وڵاتانی زلهێز لە پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەرێگەی کۆمەڵێك میكانیزم و ڕێوشوێنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە، یان لەڕێگەی کۆمەڵێك میتۆدی دیبلۆماسی و دارایی یاخود دانانی مەرجی سیاسی پەیوەست بە دیموکراسییەوە، ئەمە سەرەڕای فشارەکانی دامەزراوە دارایی و ئابووریەکانی وەك (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی). (نسرین، صفحة 64)

بەڵام بەبڕوای (سامۆئیل هانتنگتۆن) پرۆسەی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی بە چوار شێواز و ڕێگا دەکرێت بێتەدی، یەکێك لەو ڕێگایانەش ( گۆڕانە لەسەرەوەی سیستەمەکەدا)، کەمەبەست لێی ئەو گۆڕانکاریانەن لەلایەن سەرکردەگەلێکی سیاسیەوە دەکرێن، واتە دەستپێشخەریەکە لەلایەن خودی دەسەڵاتی پاوانخوازەوە دەبێت، ئەوە بەبێ ئەوەی دەستێوەردانی لایەنی دیکە داوابکات یان ڕۆڵی هەبێت بەتایبەت لە دەرەوەی دەوڵەتەکەدا، ئەویش لەڕێگەی ئەنجامدانی کۆمەڵێك چاکسازی و هەموارکردنی دیموکراسییەوە دەبێت کەبەسەر سیستەمە سیاسییەکەدا دەهێنرێت، چونکە لەناوخۆدا هەست بە زیادبوونی نارەزایەتی جەماوەریی دەکەن. (العالم، 2017، صفحة 75) هەروەها (هانتگتۆن) ئاخاوتن لە حاڵەتێکی تریش دەکات کە هەنێکجار ڕەچاوکردنی باری ئەمنی وهۆکارە ناوخۆییەکان لەلایەن سەرکردەگەلێکەوە ڕەنگە ببێتەهۆی هێنانە کایەی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە وڵاتەکەدا، بەو پێیەی کە سەرۆك لەناوخۆدا زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە نەك لە دەرەوە، هەربۆیە پێش ئەوەی کەسێکی تر پرۆسەی گۆڕانکارییەکە ئەنجامبدات کە ئەگەری هەیە لە بەرژەوەندی سەرکردەی سیاسییەکە خۆی نەبێت، ئەوا خودی ئەو سەرکردە یان سەرۆکە هەوڵدەدات کە بەدوای چارەسەرکردنی دۆخەکەدا بگەڕێت و دەستلەکاربکێشێتەوە، وەك چۆن (زین العابدین) ی سەرۆکی پێشووی وڵاتی (تونس) دەستی لەپۆستەکەی کێشایەوە. (العالم، 2017، صفحة 76)

سەبارەت بەڕێگای دووەمیش ئەوا بەبڕوای (سامۆئیل هانتیگتۆن) بریتییەلە ( گۆڕینی سیستەمێکی سیاسی لەڕێگەی دانوستانەوە) بەجۆرێك لێرەدا سەرکردەیەکی سیاسی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ئەکتەر و هێزە سیاسیەکانی دیکەدا لەناوخۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەتەکەدا، ئەوەش لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێك کە تیایدا بنەماکانی سیستەمێکی دیموکراسی بچەسپێنێت، ئەوەش لەژێر کاریگەری چەندین گوشاری ناوخۆیی و دەرەکیدا دەبێت وەك ( لەدەستدانی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی، دارمانی ئایدیۆلۆجیای سیستەمی سیاسی، تێکچوونی بارودۆخی ئابوری، هەروەها گوشارە دەرەکییەکان بۆسەر دەسەڵات لەڕووی ئابوری و سەربازییەوە)، هەرچی ڕێگای سێیەمە ئەوا پەیوەستە بە (شۆڕش) و ڕێگای چوارەمیش پەیوەندیدارە بە ڕۆڵی دەستێوەردانی دەرەکی لە گۆڕینی سیستەمە ڕامیارییەکەدا). (العالم، 2017، صفحة 76)

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی پرۆسەیەکە پەیوەستە بە وڵاتە نا دیموکراسیەکان، وبەهۆیەوە ڕژێمی حوکمڕانی لە شێوازی سیستەمی ستەمکاریی و تاکەکەسییەوە بەرەو شێوازی سیستەمی دیموکراسی و جەماوەرییانە دەچێت، ئەوەش لەڕێگای جێبەجێبەجێکردنی بنەما و پرەنسیپ و ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیموکراسییەوە، هەروەها پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی پەیوەستە بە چەندین فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە کە یارمەتیدەرن لە پەڕینەوە لە سیستەمێکی دیکتاتۆرییەوە بەرەو سیستەمێکی دیموکراسی، بێگومان کاریگەری هەریەك لەو فاکتەرانەش بە گوێرەی سروشت و بارودۆخی وڵاتەکان دەگۆڕێت و دەشێت لە هەندێك وڵاتدا ئەوەندەی کە فشارە دەرەکییەکان کاریگەروهۆکاربن، ئەوەندە هۆکارە ناوخۆییەکان کاریگەرنەبن.

لەکۆتایی ئەم بەشەی توێژینەوەکەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لەسەردەمی نوێ و هاوچەرخدا ئەو چەمکە سەرەکییانەی کە توێژینەوەیان لەبارەوەکراوە گرنگی و بایەخێکی زۆریان هەیە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە هەنگاو بەرەو پرۆسەی دیموکراسی دەنێن و بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانەوە فەرمانڕەواییکراوە، هەربۆیە یەکەم هەنگاویان بریتییەلە نوسینەوەی دەستوور لەسەر بنەمای دیموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئەمەش لەپێناو زامنکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی هاوڵاتییان، بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەی کە خاوەن تایبەتمەنییەتی فرەیین لەڕووی (نەتەوە و ئاین و مەزهەب و ...هتد) پەنایان بردۆتەبەر پەیڕەوکردنی جۆرێك لە دیموکراسییەت کە ناسراوە بە (دیموکراسییەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکەوەسازانی) کە ئامانج لێی بەڕێوەبردنی تەنگژە ناوخۆییەکانە کەلە ئەنجامی جیاوازییەکانەوە سەرهەڵدەدەن، هەربۆیە لەو کۆمەڵگەیانەدا پیادەکردنی سیستەمی حوکمی زۆرینە سەرکەتوو نابێت بۆیە لەبەرامبەردا حکومەتی هاوپەیمانیەتی یاخود (ئیتلافی) پێکدەهێنرێت و هەموو لایەنەسیاسییەکان بەشدارییان پێدەکرێت لە دەسەڵاتدا.

## بەشی دووەم: گرفتەکانی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی نوێ و ئاڵنگاری دەستوری و دیموکراسی پێکەوەسازانی.

پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە عێراقی دوای 2003 ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری بووەتەوە کە دیارترینییان ئەو گرفتانەن کەلە دەستوری هەمیشەیی 2005 و هەروەها ئەو گرفتانەی کەلە ئەنجامی پەیرەویلێکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی سەریانهەڵداوە، لەسەرئەوە لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت تیشك بخرێتە سەر گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی کەلەبەردەم دیموکراسی پێکەوەسازانیدان لە عێراق، هەروەها ڕۆڵی ئەو جۆرە لە دیموکراسی لە وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی. لەچوارچێوەی سێ تەوەرەی سەرەکیدا کە بریتین لە:

تەوەرەی یەکەم: ئاڵنگاری دەستوری 2005 و ژێرکەوتنەکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی.

تەوەرەی دووەم: ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم دیموکراسی پێکەوەسازانی لەعێراقی نوێدا.

تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵی دیموکراسی پێکەوەسازانی پەیرەوکراو لە وەدینەهاتنی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە عێراقی دوای 2003.

### تەوەرەی یەکەم: ئاڵنگاری دەستوریی 2005 و ژێرکەوتنەکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی

پرسی ئاڵینگاری دەستوریی 2005 لە مەسەلەی دیموکراسی پێکەوەسازانیدا بەیەکێك لە گرفت و ئاڵینگارییە سەرەکییەکانی بەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی دادەنرێت، لەبەرئەوەی عێراق لە دوای 2003وە لە پرۆسەی هەنگاونان بەرەو دیموکراسی پەیڕەوی لە دیموکراسییەتی پیکەوەسازانی کردووە، و پێویستە ئەوەش بە تەواوی لە دەستوری ئەم وڵاتەدا ڕەنگبداتەوە و بە ڕوونی ئاماژەی بۆ بکرێت، هەربۆیە لەم داخازەی توێژینەوەکەدا هەوڵدەدرێت تیشك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بخرێتەسەر گرنگترین ئەو ئاڵینگارییانەی کە دەستوری 2005 ی عێراق دروستیکردووە بۆ پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەم وڵاتەدا.

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی دەستوری 2005 عێراق لە بابەتی دیموکراسی پێکەوەسازانیدا ئەوەیە لە هیچ کام لە مادده و دەقەکانیدا ئاماژەی بە دیموکراسی پێکەوەسازانی نەکردووە، و دابەشکردنی پۆستەکان لەنێوان کوتلە و حزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و بەشبەشێنەیە و هیچ پشتیوانیەکی دەستوری نییە، بەوپێیەی لە چوار شوێندا ئاماژەی بە (دیموکراسی) کردووە، کە ئەوەش هەروەك لە پێشەکی دەستورەکەدا هاتووە کە " ئێمەی گەلی عێراق دوای هەستانەوەمان و متمانەبوون بە داهاتوو لەڕێی ڕژێمێکی کۆماری فیدراڵی دیموکراسی فرەیی...)، هەروەها لە مادده یەکەمی دەستوریشدا ئاماژەی بۆ دیموکراسی کردووە بەمشێوەیە "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسییە، ئەم دەستورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت"، بەهەمان شێوە لە مادده (6)یشدا هاتووە کە " ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ئاشتیانەیە و لەڕێی ئەو میکانیزمە دیموکراسییانەوە دەبێت کەلەم دەستورەدا ئاماژەیان بۆکراوە". (دستور الجمهورية العراق لسنة 2005)، لێرەدا مەبەست لە میکانیزمی دیموکراسییانە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنە لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا.

لەمپەیوەندەدا هەروەها ئەوە دەردەکەوێت کە دەستوری هەمیشەیی عێراق بەشێوەیەکی ڕەها باسی لە دیموکراسی کردووە، تەنانەت ئاماژەی بە جۆری ئەو دیموکراسییەش نەکردووە لەناو جۆرە جیاوازەکانی (دیموکراسی لیبرالی، سۆشیالست دیموکراتی، دیموکراسی کۆمەڵایەتی)، کەلەڕاستیدا ئەمە کەموکورتییەکی گەورەی ئەم دەستورە، وئەوەش جۆرێکە لە ناڕوونی و زۆرکات ناکۆکی لەسەر ناوەڕۆك و ماناکەی دروستدەکات، کەلەکاتێکدا مەرجە دەقەکانی دەستور ڕوون و ڕەوان بن. (خلف، 2018، الصفحات 97-98) ئەوە جگە لەو مادده دەستورییەی کە تایبەتە بە ڕەتکردنەوەی پەسەندکردنی سێ پارێزگا یان زیاتر لەکاتی هەمواری دەستوردا. (عادل، 2015، صفحة 401)لەلایەکی ترەوە گرفتێکی تری دەستورەکە ئەوەیە ئاماژەی بە نوێنەرایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێژەیی لە دامەزراوە کارگێڕییەکاندا نەکردووە بە تایبەت بەهۆی نەبوونی ئامارێکی وورد لەبارەی دیمۆگرافیای پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق. (عادل، 2015، صفحة 401)

سەرباری ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، ئەوا لە مادده (76) ی دەستوری 2005دا هاتووە کە "سەرۆك کۆمار گەورەترین کوتلەی پەرلەمان ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، لێرەدا بەکارهێنانی دەستەواژەی (زۆرینە) ئاماژەیە بۆ ئەوەی زۆرینە ڕۆڵ دەبینێت لە دیاریکردنی سەرۆك وەزیران". (أحمد، 2020، صفحة 108)پاشان لەبڕگەی چوارەمی هەمان ماددەدا هاتووە کە " سەرۆك وەزیران ناوی ئەندامانی کابینەکەی و بەرنامەی حکومەتەکەی پێشکەش دەکات و پێویستی بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانە". (أحمد، 2020، صفحة 108)

بەمشێوەیە ئەو مادده دەستورییە ئاماژە بۆکراوەی سەرەوە لەگەڵ پرەنسیپی (کۆدەنگی و پێکەوەسازانی سیاسی) ناگونجێت، ئەوەش لەبەرئەوەی کە بەشێوەیەکی نەریتی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان لەنێوان خۆیان ڕێککەوتوون، بەڵکو لێرەدا ئەم مادده دەستورییە ڕەوایەتی دەدات بە حوکمی (زۆرینە)، لەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەت، لەهەمانکاتیشدا ئەو لایەنەی زۆرینەی پەرلەمانی هەیە کەبریتییەلە پێکهاتەی شیعە توانای تێپەڕاندنی ئەو بەربەستانەی دەبێت کە لەپێکهێنانی حکومەت دێنە بەردەمی، هەروەها دەتوانیت دەستبەرداری پابەندبوونەکانی پێشووی بێت لەسەر بنەمای ئەم مادده دەستورییە. (أحمد، 2020، صفحة 108)

هەروەها پرەنسیپی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی فراوان وەك یەكێك لە بنەماکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی لەگەڵ چەمکی زۆرینەی سادەدا ناگونجێت، کە ئەوەش بە گوێرەی مادده (59) ی دەستوری عێراق، بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی سادەدا دوای بەدەستهێنانی ڕێژەی یاسایی لە دانیشتنەکاندا دەنگی لەسەر دەدرێت و پەسەندە دەکرێت، هەروەها لەڕووی واقعیشەوە لەسالآنی (2007-2009-2012) ئەوە نیشان دەدات کە کشانەوەی (الجبهة التوافق و القائمة العراقية), لە حکومەت بێ ئەوەی ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت، ئەوەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حوکمڕانی لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەتی لە عێراق سەرکەوتوو نەبووە. (عادل، 2015، صفحة 401)

بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەبدرێت کە هەرچەندە دەستوری هەمیشەیی عێراق لەچەند برگە و ماددەیەکدا جەختی لەسەر دەنگدان لەسەر بنەمای زۆرینەی سێ یەك کردۆتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە ماددەکانی (52/ أولا- 61/رابعآ و تاسعآ-65-70/أولاً-92/ثانیآ-126/ثانیا-136/ ثانیآ-137-138)، ئەوا ئەوەش لەواقعدا بەئامانجی پاراستنی مافی کەمینەکان و بەکارهێنانی مافی ڤیتۆیە، وەك یەكێك لە بنەماکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی. (خلف، 2018، صفحة 95)

بەهەمان شێوە بۆچونێکی دیکە هەیە بریتییەلەوەی کە مادده 76 ی دەستوری ئاماژە بۆکراو جەختی لەسەر بنەمای زۆرینەی ڕەها کردۆتەوە لە مەسەلەی دەنگدان لەسەر کاندیدی سەرۆك وەزیران و بەرنامەکەی و وەزیرەکان بەشێوەی تاك تاك، بەشێوەیەك کە دژی بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی نییە، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە وەزیرەکان بوار و دەرفەتی ئەوەیان پێبدرێت کە فشار بخەنە سەر سەرۆك وەزیران بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتەیە پۆستێکی وەزاری پێبدرێت لەبەرامبەر ئەو متمانەیەی دەیدات بە حکومەتەکەی. ( خلف، 2018، صفحة 95)

هەروەها یەکێکی تر لە ئاستەنگە دەستورییەکان لەپرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003دا ئەوەیە کە هیچ ماددەیەکی دەستوری بەڕوونی باسی لەدابەشکردنی پۆستەکان لەنێوان ئەو پێکهاتانەدا نەکردووە، بەڵام سەرکردە سیاسییەکان هەمیشە جەخت لەبەڕێوەبردنی پۆستەباڵاکان دەکەنەوە لەسەربنەمای ڕێککەوتن، چونکە هیچ پێکهاتەیەک یاخود کوتلەیەکی سیاسی و پەرلەمانی ناتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت، هەربۆیە پێویستدەکات ڕێککەوتن بکرێت لەنێوان پێکهاتە و کوتلەکاندا، لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتنی نافەرمی لەنێوان سەرکردە سیاسییەکان ڕۆڵی گرنگی هەیە لەدابەشکردنی پۆستەباڵاکان لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (شیعە و سوننە و کورد) (Aziz, 2017, p. 45)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە نموونەبەندییەك لەسەر ئەو ئاستەنگە دەستورییە* بدرێت، بۆ ئەوەش دەڵێین کە دوو ڕێککەوتنی سەرەکی هەبوون یەکێکیان لەهەولێر ساڵی 2006 و ئەویتریان ساڵی 2010بوو کەتایبەت بوو بە دیاری کردنەوەی (نوری مالکی) بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆجاری دووەم، بەگوێرەی هەردوو ڕێککەوتنەکە پۆستەباڵاکان بەڕێککەوتنی تایبەتکران، لەسەربنەمای کورسییەکانی پەرلەمان و لەنێوان پێکهاتەسەرەکییەکانی کورد و شیعە و سوننە، ئەوەش وایکرد پێکهاتەی شیعە دەسەڵاتبگرێتەدەست بەوپێیەی لەعێراقدا زۆرینەبوون و زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانیشیان بەدەستهێنابوو، هەروەها توانرا هەموو پێکهاتەکانی دیکەش بەشداریان لەدەسەڵاتدا پێبکرێت. (Aziz، 2017، صفحة 46)

هەروەها نموونەیەکی دیکە لەو ئاستەنگە دەستوورییانە کە گرفتی بۆ پرەنسیپی پێکەوەسازانی دروستکردووە لە عێراقدا ئەوەیە، سەرۆك وەزیرانی عێراق (محمد شیاع سودانی) لەڕێگەی سکاڵایەکەوە* کە لە ڕێکەوتی 2025/3/9 دا ئاڕاستەی دادگای باڵای فیدراڵی کردووە، و تیایدا سکاڵای لەسەر هەریەك لە (مەحمود مەشهەدانی) سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و (لەتیف ڕەشید) سەرۆك کۆماری عێراق تۆمارکردووە، و تیایدا دەیەوێت دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری عێراق کەلە پشکی کوردە کەمبکاتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە ئەم پۆستە وەکو پرۆتۆکۆلی تەماشا دەکرێت و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی زۆری نییە. ((سودانی دەیەوێت بە سکاڵایەك دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار کەمبکاتەوە، 2025)

بەپێی زانیارییەکانی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005ی پەرلەمانی عێراقەوە، حکومەت لەم وڵاتەدا لەسەربنەمای دیموکراسیەتی پێکەوەسازانی پێکهێنراوە، واتە هیچ کوتلە و فراکسیۆنێک ناتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت و لایەنەکانی دیکە پشتگوێبخات، هەرچەندە ئەگەر ئەو پارتەسیاسییە یاخود فراکسیۆنە لەهەڵبژاردنەکان سەرکەوتنیشی بەدەستنەهێنابێت. (عوسمان، 2021، صفحة 112)هەربۆیە دەکرێت بوترێت کە "دیموکراسیەتی پێکەوەسازانی لەعێراقی دوای 2003دا جێگای سیستەمی زۆرینەی گرتۆتەوە، بەڵام پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2010 نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕایگەیاند بۆ پێکهێنانی حکومەت لەبری دیموکراسی پێکەسازانی پشت بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن ببەسترێت، پێیوابوو دیموکراسی پێکەوەسازانی یەکێکە لەکێشەکانی عێراق بەڵام مام جەلال سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق ڕایگەیاند "عێراق هێشتا پێویستی بەدیموکراسی پێکەوەسازانییە" بۆیە ئەو دیموکراسییەی لەعێراق پەیڕەویلێدەکرێت دیموکراسی پێکەوەسازانییە هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەهیچ نەتەوە و پێکهاتەیەک پەراوێزنەخرێت. (عوسمان، 2021، صفحة 112)

لەلایەکی ترەوە و هەرلەم پەیوەندەدا جێگەی خۆیەتی بوترێت کە گۆڕەپانی سیاسی عێراق شاهیدی ئەوڕاستییەن کەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 15ی کانونی دووەمی ساڵی 2005 مشتومڕ و ناکۆکی زۆر لەنێوان کوتلە سیاسییەکاندا دروستبوو، کەتیایدا کورد ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر و بەرچاوی بینییوە بەمەبەستی گەیشتن بەکۆدەنگی و پێکەوەسازانی و نزیکبونەوە لەنێوان لایەنەسیاسییەکانی ئەم وڵاتەدا، ودوای ئەوەش گۆڕانکاری سیاسی زۆر ڕوویداوە، لەوانە پێکهێنانی حکومەتی دەستوری لەمانگی ئایاری ساڵی 2006 بەناوی حکومەتی یەکڕیزی نیشتیمانی، ئەوە جگە لەزیادبوونی ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڕانکاری دیموکراسی لەسەردەمی حکومەتی یەکڕیزی نیشتیمانی لەماوەی ساڵی 2006-2010 کەڕەنگە دیارترینیان نەبوونی ئازادی و ئاشتەوایی نیشتیمانی بوو بێت. (إسماعیل، 2021، صفحة 210)

لێرەوە و لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بەشێك لەو گرفتانەی کە هاتوونەتە بەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003 و چەسپاندنی بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسییەتی پێکەوەسازانی پەیوەستە بەو کەموکورتیانەی کەلە دەستوری هەمیشەیی 2005 ی عێراقدایە، بەوپێیەی بەڕوونی و ئاشکرایی لەم دەستورەدا ئاماژە بە پرەنسیپ و بنەما گرنگەکانی ئەم جۆرە لە دیموکراسی نەکراوە، بەڵکو لەڕێگەی چەند ئاماژەیەکەوە کەلە هەندێك مادده و بڕگەدا هاتوون جەخت لە دیموکراسی پێکەوەسازانی دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەسەر ئەرزی واقع زۆرکات پابەندبوون نییە پێیانەوە، یاخود وەك ئەوەی هاتووە جێبەجێناکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەوەرەی دووەم:ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم دیموکراسی پێکەوەسازانی لە عێراقی نوێدا

دیموکراسی پێکەوەسازانی لەعێراقی دوای 2003دا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆتەوە کە ڕێگر بوون لەبەردەم جێبەجێکردنی بنەما و پرەنسیپەکانی ئەم جۆرە لە دیموکراسییەت لەم وڵاتەدا, لەسەرئەوە لەم داخازەدا توێژینەوە لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانە دەکەین کە لەبەردەم دیموکراسیەتی پێکەوەسازانیدان لە عێراقی نوێدا.

یەکێك لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم دیموکراسی پێکەوەسازانی لە عێراقی نوێدا، ئەوەیە خودی کۆمەڵگای عێراقی زەمینەی بوونیادنان و مومارەسەکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی تێدا بەرجەستە نەبووە. واتە هەم دیموکراسی و هەمیش پێکەوەسازانی، لە ئاستێکی ناپێگەیشتوو و ناتەواودان، زیاتر لەوەی لە ئاستێکی پێگەییو و ڕەخساودابن، لەلایەکی دیکەشەوە پارتە عێراقییەکانی دوای 2003 دەرهاویشتە و بەرهەمی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و فیکرییەکانی ناوکۆمەڵگای عێراقی نین، بەڵکو وەك پەرچەکردارێك لە دژی دەسەڵاتی پێشوو "بەعس" دروست بوون، هەر بۆیەش باوەڕی تەواویان بە جیاوازییەکان و بوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و هەڵبژاردن، سست و لاوازە و بەردەوام ترس لە دیموکراسییەت تیایاندا ئامادەیە، و بوونیادنانی دیموکراسی پێویستی بە تاك و حیزب و کولتووری دیموکراسی هەیە، ئەمانەش لە کۆمەڵگای عێراقیدا بە ئەستەم دەبینرێن. (حمەأحمد، 2023)

هەروەها بەشێکی دیکەی گرفتەکان پەیوەستە بە لاوازی یان نەبوونی گیانی دیموکراسی لەلای توێژی دەستەبژێری سیاسی لەعێراق، چونکە ئەم توێژە تا ئەو ڕادەیە باوەڕیان بە دیموکراسی پێکەوەسازانی هەیە کە بۆ هەمیشە خۆیان دەسەڵاتدار و بڕیار بەدەستبن، و هەروەها پێشمەرجی کۆی دەستەبژێری سیاسی و هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی عێراق بۆ دیموکراسیەتی پێکەوەسازانی ئەوەیە هەژموونی نەتەوەی بسەپێنن بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا، بۆیە دەوترێت "ئەگەرچی عێراق قاچەکانی لەناو تیۆری پێکەوەسازانیدا بووبێت، بەڵام سەری لەناو ستەمکاری زۆرینەدا نغرۆ بووە". (علی، 2022)

لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئاماژە بەوەبدرێت کە دیموکراسییەتی پێکەوەسازانی سیستەمێکە بژاردەی خودی عێراقییەکان خۆیان نەبووە، بەڵکو لەلایەن هێزە دەرەکییەکانی وەك ئەمریکاوە بەزۆر بەسەریاندا سەپێنراوە، هەربۆیەش وەك پێویست نەتوانراوە بنەما و پرەنسیپەکانی لە واقعی ژیانی ڕامیاری ئەم وڵاتەدا ڕەنگبداتەوە. (أحمد، 2020، صفحة 114) ئەمە سەرەڕای لێکترازانی ئیتنی و ئاینزایی و هۆزگەرایی لەعێراقدا و بوونی ئینتیما و وەلا بۆ تائیفە و مەزهەب و نەتەوەیەکی دیاریکراو لەبری ئینتیما بۆ وڵات و نیشتیمان، کەئەمەش ململانێی بەردەوام و قوڵی لەنێوان پارتە سیاسییەکان و پێکهاتە ئاینییەکان بەتایبەت (شیعە و سوننە) دروستکردووە، کەلەڕاستیدا هەموو ئەوانە ئاستەنگن لەبەردەم دیموکراسیەتی پێکەوەسازانی لەعێراقی نوێدا. (حمەأحمد، 2023)

هەروەها یەکێکی تر لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم دیموکراسی پێکەوەسازانی لەعێراقی دوای 2003 دا بریتییەلە لاوازی عەقڵییەتی هاوبەشیکردن لە فەرمانڕەوایی، بەجۆرێك کە لە کاتێکدا وڵاتێکی فرەیی وەك عێراقدا نایەکانگیری (سیاسی و ئاینی و ئاینزایی و نەتەوەیی) پێویستی بەوەبووە کە چەمکی هاوبەشیکردن لەپرۆسەی سیاسی و ئیدارەدانی دەوڵەتدا بەشێوەیەکی قوڵ ڕەنگبداتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە هەرلەسەرەتای پرۆسەی بنیاتنانی ئەم وڵاتەوە ئەوە دەبینرێت کە پێکهاتەی سوننەکان پەراوێزخران و ڕۆڵی سیاسییان کەمکرایەوە، ئەوەش پەیوەستبوو بە کۆمەڵێك هۆکارگەل کە بەشێکییان پەیوەندییان بە لاوازی پێکهاتەی سوننە و نەبوونی مەرجەعی سیاسییان، هەروەها تێکەڵبوونیان بە تیرۆر و گروپە توندئاژۆکان، لەهەمانکاتیشدا هەوڵی جددی درا بۆ کاڵکردنەوەی هاوبەشێتی سیاسی لەگەڵ کورد. (عبدالله و حمەسعید، 2024، صفحة 42)

لەلایەکی دیکەوە بەشێکی ئاستەنگەکانی بەردەم دیموکراسی پێکەوەسازانی لەعێراقی نوێدا پەیوەستە بە بەرهەمهێنانەوەی ستەمکاریی، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا ئەم وڵاتە خاڵی بووە لەهەموو بنەماکانی هاوبەشیکردن و پێکەوەسازان و هاوسەنگی و هاوبەشیکردن کە عێراقی نوێی لەسەر بنیاتنراوە. (حمەأحمد، 2023) ، بۆ نموونە تێکچوونی هاوسەنگی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەردەوام زیادکردنی ڕێژەی کورسی ئەو ئەنجومەنە، بەوپێیەی ئەنجومەنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوێنەران گۆڕەپانی یەکەمی سەرخستن و پاراستنی هاوسەنگی و پێکەوەسازانە، لەساڵی 2005 باڵانسێکی گونجاوی هەبووە کەلە 275 ئەندام پێکهاتبوو، پێکهاتەی کوردیش (70) ئەندامی تێیداهەبوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 ژمارەی کورسییەکان زیادکرا بۆ (325) کورسی و لە هەڵبژاردنی ساڵی 2014 بۆ (328) کورسی و لە هەڵبژاردنی 2018شدا بۆ (329) کورسی زیادکرا، بەڵام کورد ئیستا خاوەنی (58) کورسییە کە ڕێژەی (18%) پێکدێنێت. (عوسمان، 2021، الصفحات 188-189)

هەروەها بەشێکی دیکەی ئاستەنگەکان پەیوەستە بە پەیڕەونەکردنی فەلسەفەی دیموکراسی پێکەوەسازانیی لە واقعی ژیانی ڕامیاری ئەم کۆمەڵگایەدا، بەمشێوەیە و لەکاتێکدا کە "ئامانجی سەرەکی لە پیادەکردنی ئەم جۆرە لە دیموکراسیەت بەدیهێنانی سەقامگیرییە، بەوپێیەی تایبەتمەندی کۆمەڵگایەکی سەقامگیریش بریتییە لە مانەوەی دیموکراسی و بەکارهێنانی ئاستێکی نزم لە توندووتیژی مەدەنی و ستراتیجێك بۆ بەڕێوەبردنی ململانێکان، ئەوا دەبینرێت کە گرفتی سەرەکی عێراق ئەوەیە لەو فەلسەفە و پرەنسیپانە دوورکەوتۆتەوە یاخود لێی لایداوە، و لەبری ئەوەی فاکتەری بەدیهێنانی هاوسەنگی و ڕێککەوتن بێت لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت لەسەر بنەمای پێکهاتەکان، بووەتە ئامرازێکی بەربەست لەبەردەم ئیدارەدان و بنیاتنانی دامەزراوەکان و هۆکارێك بۆ پەککەوتنی سیاسی" (یاس و هیمن رؤوف سلام، 2014، الصفحات 213-214).

ئەمە جگە لە پەیڕەونەکردنی بنەماکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی لە بونیادی سیستەمی حوکمڕانی عێراقدا، کە ئەوەش گرفت لەبەردەم سەرکەوتنی ئەم جۆرە لە دیموکراسییە لە عێراقدا دروستدەکات، و ڕێکنەکەوتنی دەستەبژێر و پارتە سیاسییەکانی عێراق لەسەر چالاککردنی پرەنسیپەکانی پێکەوەسازانی، سەرەڕای تێپەڕبوونی ساڵانێك بەسەر پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە لە دیموکراسی لەم وڵاتەدا، بەجۆرێك هێشتا هەندێك لایەنی سیاسی ئەم وڵاتە هەن کە بانگەوازی وازهێنان و کارنەکردن بە دیموکراسی پێکەوەسازانی دەکەن. (أحمد، 2020، صفحة 114) گرنگترین ئەو هەوڵانەش لەسەردەمی (نوری مالکی) دا بووە، کە داواکاری بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەهێشتنی دیموکراسی پێکەوەسازانی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ عەشایری عێراق لە 2010/5/23 خرایەڕوو، کە تیایدا بانگەشەی نەمانی دیموکراسی پێکەوەسازانی و دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای ئاینی و نەتەوەیی کراوە. (خليل، 2020)

لێرەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆمەڵك گرفت و کێشە لەناو خودی کۆمەڵگەی عیراقیدا هەن کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم جێەجێکردنی بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی وئەوەش گرفت لەبەردەم وەدیهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەم وڵاتەدا دروستدەکات، هەندێك لەو گرفتانە پەیوەستن بە لاوازی کلتوری سیاسی و نەبوونی پاشخانێکی مێژوویی لە پەیڕەوکردنی دیمکراسی و هەندێکی تریان پەیوەستن بە پرۆسەی هەنگاونان بەرەو دیموکراسی لەم وڵاتەدا کە لەسەر بنەمای خواست و داواکاری هێزە ناوخۆییەکان نەبووە، هەر بۆیە وەك پێویست لەناوخۆدا زەمینەسازی نەکراوە بۆ چەسپاندنی بەها و پرەنسیپ باڵاکانی.

## تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵی دیموکراسی پێکەوەسازانی لە وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە عێراقی دوای 2003

پەیڕەوکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی لەعێراقی دوای 2003دا کۆمەڵێك گرفت و کێشەی هێناوەتە ئاراوە کە بووەتە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی و بەدیهێنانی دیموکراسی ڕاستەقینە لەم وڵاتەدا، هەربۆیە لەم داخازەدا هەوڵدەدرێت تیشك بخرێتەسەر ئەو ڕۆڵە نەرێنییانەی کە ئەم جۆرە دیموکراسییەتە بینیوویەتی لە پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی نوێدا.

پیادەکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی لەعێراقی دوای 2003دا دوو ئاستەنگی گەورەی لەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی دروستکردووە، کە ئەوانیش بریتیین لە نەبوونی حکومەتێکی بەهێز و ئۆپۆزسیۆنیکی کارای پەرلەمانی کە چاودێر بێت بەسەر کارەکانی حکومەتەوە، ئەمە سەرەڕای کێشەکانی پەیوەست بە ناسنامەی نیشتیمانی و داڕشتنی سیاسەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی. (خلف ع.، 2021، صفحة 151) ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیادەکردنی ئەم جۆرە دیموکراسییەتە لەم وڵاتەدا بووەتە بنەمایەك بۆ چەسپاندنی (تائیفەگەری) و کاریکردووە لەسەر پشتگوێخستنی چەمکی (هاوڵاتیبوون) بۆ بەرژەوەندی گروپەکان لەڕێگەی وابەستەبوون بە تائیفەگەرێتی و نەتەوەگەرایەتییەوە. (خلف ع.، 2021، صفحة 200) هەروەها لەسەرئاستی ئەو ئاستەنگانەی کە دروستیکردووە لەبەردەم داڕشتنی سیاسەتی گشتی و پەکخستنی بڕیاری سیاسیدا، ئەوا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەو گرفتانە لە دیاریکردنی پرسە ئەولەویەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە گشتییەکان ڕەنگدەداتەوە، بەوپێیەی بەهۆی لاوازی دامەزراوەکانەوە، ئەوا لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی لەسەر بنەمای کۆدەنگی و پەیوەندی حزبایەتی بنیاتنراوە، کە ئەمەش وادەکات کاری حکومەت لایەنگیری بنیاتبنرێت نەك کارایی، ئەوەش بوار بۆ دیدگای حزبی و کوتلە لەسەر حسابی ڕێباز پیشەیی دەکاتەوە. (عمر، 2013، صفحة 180)

لەلایەکی تریشەوە بەهۆی پەیڕەوکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی و بەشداریکردنی هەموو هێزە سیاسییەکان لە دەسەڵاتدا و نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی کارا لە ژیانی ڕامیاری عێراقی دوای 2003دا، کە چاودێربێت بەسەر کارەکانی حکومەت و بەرپرسیارنەبوونی سەرۆك وەزیران لەبەردەم پەرلەمان، ئەوا ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو هێز و لایەنانە خۆیان لەبەردەم سەرکردەی پارتە سیاسییەکان و سەرۆکی کوتلەکانیان بە بەرپرسیار زانییوە، کەلەڕاستیدا نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی کارا گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقدا. (خلف ع.، 2021، صفحة 200)

هەروەها پەیڕەوکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی لەعێراقی دوای 2003 ڕۆڵی هەبووە لە وەدینەهاتنی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەم وڵاتەدا، بەوپێیەی کە پەیڕەوکردنی سیستەمی بەشبەشێنە وەك یەکێك لە میکانیزمەکانی پیادەکردنی دیموکراسی پێکەوەسازانی تیایدا چارەسەرێکی کارەساتبارە بۆ ئەم وڵاتە، چونکە ئەو میکانیزمە لەگەڵ بنەما و پرەنسیپەکانی چەمکی هاوڵاتیبوون و بەدەستهێنانی مافەکان لەسەر بنەمای لێهاتووییدا ناگونجێت. (یاس و هیمن ڕۆوف سلام، 2014، صفحة 214) لەبەرئەوەی ئەم شێوازە لە دابەشکردنی پشکەکان بەتەنها لەنێوان پێکهاتەکاندا نەماوەتەوە، بەڵکو سەریکێشاوە بۆ پشکی

پارتایەتیش، بەمەبەستی دابەشکردنی پۆستە حوکمی و کارگێڕییەکان، ئەوەش بووەتە مایەی زاڵبوونی ڕێبازی تائیفی بەسەر ڕێبازی نیشتیمانیدا، لەهەمانکاتدا بە کەسیکردن (شخصنة)ی وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان، لەرێگەی باڵادەستی ئەو قەوارە سیاسییەی کە وەزارەتەکەی بەدەستەوەیە بەسەر هەموو ئۆرگانەکانی وەزارەتەکەدا. (خلف ع.، 2021، صفحة 199)

لەلایەکی تریش گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە سیستەمی بەشبەشێنە کە لەعێراقی نوێدا کاریگەری خراپی کردۆتەسەر ئاستی ئەدائی حکومەت و لەدەستدانی متمانەی سیاسی بۆ نزمترین ئاست، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەستەم بێت سیستەمێکی ڕامیاری سەقامگیر لەم وڵاتەدا دروستبکرێت کە ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر ئاستی دەرەوەش هەبێت، لە گرنگترین ئەو شکستانەش بریتییەلە چارەسەرنەکردنی کێشەی (ناسنامە) هاوتەریب لەگەڵ قەیرانەکانی دیکەی سیستەمی ڕامیاری ئەم وڵاتە کە پەیوەستە بە ( ڕەوایەتی و بەشداریکردن و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی)، کە ئەمانە گەورەترین گرفتن لەبەردەم دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتیمانی یەکگرتوو. (نعمان، 2020، صفحة 10)
ئەوە جگە لە کۆدەنگ نەبوونی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (شیعە-سوننە-کورد) لەسەر بچمێکی دیموکراسی و ڕێکنەکەوتن لەسەر کۆمەڵێك پرس، هەروەها ئەمە جگە لە سیاسەتی بەشبەشێنەی تائیفی و نەتەوەیی کە یەکێك بووە لە گرفتە گەورەکانی بەردەم بنیاتنانی دیموکراسی ڕاستەقینە و جیاوازی دیدووبۆچوونی لایەنە ململانێکارەکانی عێراق سەبارەت بەم سیاسەتە و ڕادەی گونجاوییەکەی لە بنیاتنانی لەم وڵاتەدا. (عبدالرضا و فراس ، 2015، صفحة 240)
خاڵێکی تری بایەخدار لەم پرسەدا ئەوەیە کە بە بڕوای لایەنە دەسەڵاتدارەکانی عێراق سیستەمی بەشبەشێنە لەم وڵاتەدا مافی نوێنەرایەتی بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەچەسپێنێت، کەلەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا دەچەوسێنرانەوە، بۆیە ناکرێت عێراق دەستبەرداری ئەم پرەنسیپە گرنگە ببێت و لێی دووربکەوێتەوە، هەربۆیە حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی و هاوبەش تیایدا پێکدەهێنرێت، کەئەمەش بە تێپەڕبوونی کات ڕەنگیدایەوە لەسەر واقعی سیستەمی

سیاسی ئەم وڵاتە و دامەزراوە سیاسییەکانی، ئەوەش بووەتەهۆی قوڵکردنەوەی دابەشبوونە تائیفی و نەتەوەییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵاتی و سیاسی تیایدا. (عبدالرضا و فراس ، 2015، صفحة 241)

لەژێررۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی دیموکراسی پیکەوەسازانی رۆڵی نەرێنی بینیووە لە پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقی دوای 2003دا بەهۆی ئەو کێشە و گرفتە سەرەکییانەی کە لەئەنجامی پیادەکردنی کەوتوونەتەوە، کەبە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر ئەرك و رۆڵی دامەزراوە سەرەکییەکانی وڵات و لاوازکردنی متمانەی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان و توندکردنی ململانێکان، کەئەوەش گرفتی لەبەردەم زەمینەیەیەکی گونجاو بۆ پیادەکردنی دیموکراسی هێناوەتەکایەوە.

لێرەوە و لەژێر رۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی هەرچەندە دیموکراس پێکەوەسازانی چارەسەرێکی گونجاوە بۆ کێشەی فرەیی لە عێراقدا، بەڵام لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەو گرفتانەی کە هاتوونەتەبەردەم پیادەکردنی وایان کردووە وەك پێویست بنەما و پرەنسیپە گرنگەکانی ئەم جۆرە لە دیموکراسییەت لەسەر ئەرزی واقع رەنگنەدەنەوە، و لەدواتریشدا کۆمەڵێك کێشە و گرفتی نوێ سەریهەڵداوە کە بووەتە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەعێراقدا، ئەمە سەرەڕای ئەو گرفتانەی کەلە خودی دەستوری هەمیشەیی 2005 دان و وەك پێویست رەنگدانەوەی جەختی لەسەر دیموکراسییەتی پێکەوەسازانی نەکردۆتەوە، یاخود پابەندنەبوون و لادان لە مادده و دەقە دەستورییەکان بۆخۆی بەربەستێکی سەرەکین لەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی و ژێرکەوتنەکانی دیموکراسی پێکەوەسازانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## كۆتایی وئەنجامگیری

بەمشێوەیە و لەكۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند دەرئەنجامێكی گرنگ كە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

1-دیموكراسی پێكەوەسازانی لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەری كێشە نەتەوایەتی و ئاینی و ئاینزاكان لە وڵاتە فرەییەكاندا پەنای بۆ دەبرێت، بەڵام ئەگەر ئەو وڵاتە خاوەن كلتوری دیموكراسی نەبێت ئەوا سەركەوتوونابێت لە گەیشتن بەو ئامانجەی كەلە پێناویدا پیادەكراوە، چونكە لایەنێكی گرنگی ئەم جۆرە دیموكراسییەتە بریتییەلە یەكتر قبوڵكردن و پێكەوەسازان لەسەر پرسە گرنگەكان لەبری ململانێ و جەنگ.

2- ئەزموونی عێراق لەڕووی دیموكراسی بەگشتی و دیموكراسی پێكەوەسازانی بەتایبەتی ئەزمونێكی نوێیە و هێشتا نەتوانراوە وەك پێویست بنەما و تایبەتمەندییكانی وەك ئەوەی هەیە لە واقعی ژیانی ڕامیاری لەوڵاتەكەدا ڕەنگبداتەوە، هەربۆیە بەردەوام لە قەیرانی قوڵ و نوێدایە.

3-هەروەها ئەو گرفت و كەموكورتییانەی كەلە دەستوری هەمیشەیی 2005ی عێراقدا هەن، بەتایبەت لەو مادده و بڕگانەی كە پەیوەستن بە دیموكراسی پێكەوەسازانی بوونەتە بەربەستێكی سەرەكی لەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموكراسی لەم وڵاتەدا، ئەمە سەرەڕای ئەو كێشە و گرفتانەی كەلە ئەنجامی پێشێلكردنی دەقە دەستورییەكان كەوتوونەتەوە، كە ئاستەنگی ەورەیان لەبەردەم جێبەجێبەجێكردنی بنەما و پرەنسیپەكانی دیموكراسییەتی پێكەوەسازانیدا دروستكردووە.

4-پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموكراسی پرۆسەیەكە پەیوەستە بە سیستەمی ڕامیاری ئەو كۆمەڵگەیانەی كەسالآنێك لەژێر دەستی دەسەڵاتە ستەمكار و دیكتاتۆرییەكاندابوون، وچەندین هۆكار و پاڵنەر یارمەتیدەرن لەم پرۆسەیەدا كە بەگوێرەی سروشت و بارودۆخی وڵاتەكان دەگۆڕێت، بۆنموونە لەهەندێك وڵاتدا پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموكراسی پەیوەستە بە خواستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، و زیاتر پاڵنەری دەرەكی هۆكارە، هەروەها ڕەنگە ڕوودانی ئەم پرۆسەیە سروشتێكی ئاشتیانەی هەبێت و بەبێ توندوتیژی وڵات بەرەو دیموكراسی ببرێت، یاخود بەپێچەوانەوە شێوازی توندوتیژی بگرێتە خۆی و تێكچوونی سەقامگیری لێبكەوێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- دیموکراسی پێکەوەسازانی ڕۆڵێکی نەرێنی بینییوە لە پرۆسەی وەرگۆرانی دیموکراسی لە عێراقی دوای 2003دا، چونکە لەزۆر ڕووەوە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ئەدائی دامەزراوە فەرمییەکانی وڵات و لاوازی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و فەرامۆشکردنی چەمکی هاوڵاتیبوون و ناسنامەی نیشتیمانی. لەلایەکی تریشەوە دەستوری هەمیشەیی 2005 ی ئەم وڵاتە بەهۆی ئەو گرفت و کەموکورتیانەی کە هەیەتی بووەتە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: دەستورەکان

1-دستور جمهورية العراق لعام 2005
دووەم:فەرهەنگەکان

**أ-عەرەبییەکان:**

بدري, أحمد زكي،(1984), معجم المصطلحات العلوم الإجتماعية.
عبالكافي,اسماعيل عبدالفتاح ، قاموسي اليمسرة للمصطلحاتي السياسي
سێیەم:پەرتووکە کوردییەکان:
مستەفا، کەمال سەعدی، (2023)، چ2، یاسای دەستوری، چاپخانەی تاران.
عوسمان، صالح (2021) گۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی (عێراق وەك نموونە)، چ2، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
فاتح، محمد(2022)، دیموکراسی تەوافقی و پیادەکردنی لە عێراق.

**ب-پەرتوکە عەرەبییەکان:**

أحمد، شمال(2020)، التعددية الإجتماعية في مرحلة الإنتقال الديموقراطي, مكتبة يادكار, السليمانية.
لبهارت، آرنت( 2015)، انماط اليموقراطية ت: محمد عثمان خليفة عيد، شركة المطبوعات للتوزيع، بيروت

لبهارت، آرنت(2006)، الديموقراطيه التوافقية فى المجتمع متعدد، ت: حسنى زينة، الطبعة الأولى،معهد الدراسات الإستراتجية، العراق، بغداد-بيروت.
تيللي تشارلز(2010) الديموقراطية ت: محمد فاضل طباخ، المنظمة العربية للترجمة، بيروت
كوران، يوسف (2010)، التنظيم الدستوري للمجتمعات التعددية في الدول الديموقراطية, مركز كردستان للدراسات الإستراتجية, السليمانية.

**چوارەم:تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر:**

شريف، ئاريان ڕشيد (2021) ، شیکردنەوەی چەمکی گۆڕانی سیاسی لە هزری سیاسی هاوچەرخدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی.

قادر،ڕێژنە ئەبوبەکر(2021)، میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی.
ڕەسول، قادر أوتمان (2024)، ڕۆڵی دەستور لە پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لە عێراق، نامەی ماستەر، زکۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی.
حمە ئەمین، هۆشەنگ دارا (2008)، دیموکراسی تەوافقی و ئەگەری جێبەجێبوونی لە کوردستانی عێراقدا، ماستەرنامە، کۆلێژی یاساو ڕامیاری، بەشی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

Aziz ،Ibrahim(2017), Consociationalism in Iraq After 2003, PHD. Department of politics and International Relation, University of Reading.

**پێنجەم: توێژینەوەی گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکان:**

**أ-کوردییەکان:**

سالح ،ئازاد عوسمان & انوەر،زانا محمد (2019)، پرەنسیپی پێکهاتن و دیموکراتی پێکهاتن لە کۆمەڵگە فرەییەکان(عێراقی دوای 2003 وەك نموونە)، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی-عێراق، مجلە (4)، ژمارە(1).

عبداللە، سەروەت (کانونی دووەمی2023)، زمانی کوردی و ئاینزای سوننی لەناو دەستورێکی فارسی ئاینزای شیعەدا، گۆڤاری ئایندەناسی-وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (7) ی ساڵی دووەم.
عبداللە،شێرزاد سلیمان & حمه سعید،ئالان(2024)، هەڵسەنگاندنی دیموکراسی سازان لە ئەزموونی عێراقدا، گۆڤاری پۆڵەتیك، مجله(5)، ژمارە (01).

**ب- عەرەبییەکان:**

عبدالرضا،اسعد طارش& عزيزفراس كوركيس(2015), التطورات السياسية في العراق بين الديموقراطية و التوافقية, مجلة دراسات دولية, العدد (63).
-العالم، النعمى السائح(يوليو2017), التحول الديموقراطي المفهوم و الأليات، مجلة الاكاديمية للعلوم و الاجتماعية, عدد 12.
عادل،بن عمر(جولية2020), الديموقراطية التوافقية و إدارة التعدد الطائفي في العراق, مجلة الجزائرية للأمن و التنمية, جامعة سطيف-جزائر, مجلد(09), العدد (02).
بوقاعدة،توفيق(جوان2020), الدييموقراطية التوافقية و ابعادها, مجلة دفاتر البحوث العلمية, عدد (ثامن).
عمر،حسن تركي(2013), اشكاليات التحول الديموقراطي في العراق: دراسة في الديموقراطية التوافقية, مجلة ديالى, كلية قانون و العلوم السياسة, العدد (الثامن والخمسون).
ساعد،رشيد(ابريل2019)، الديموقراطية التوافقية في المجتمعات التعددية:دراسة مقارنة بين لبنان و ماليزيا, مجلة العلوم القانونية و السياسية, جامعة ابن خلدون-جزائر, المجلد(10), عدد(01).
ياس، رشيد عماره&سلام،هيمن رؤوف(كانون الأول 2014)(, مأزق الأمن المجتمعي في العراق بعد 2003, مجلة العلمية لجامعة جيهان, السليمانية, المجلد (8), العدد (2).
الشيخ،سعد شهاب احمد(2022), الديموقراطية التوافقية و إنكعاسها على الأداء السياسي للنظام السياسي العراقي بعد عام 2005, المركز الديموقراطي العربي, المانيا-برلين.
سوزة,سليم (تموز2021), الديموقراطية التوافقية في العراق, إعادة نتائج الأقليات الإثنية و الدينية و اللغوية بوصفها أقليات سياسية, مجلة السياسات العربية, مجلة(9), عدد (51).

إسماعيل,عبدالكريم (2021), تأثير المحاصصة الطائفية على بناء النظام الديموقراطي- حلة عراق بعد 2003, مجلة العلوم القانوية و السياسية, مجلد (12)و العدد (01), جامعة ورقلة (جزائر).

خلف,علي عباس(2018), الديمةقراطية التوافقية دراسة في دستور جمهورية العراق لسنة 2005, مجلة كلية مأمون, العدد الحادي و الثلاثون.

-خلف،عمر خليل (2021), تحديات النظام السياسي العراق بعد عام 2005 و آليات العلاج, مجلة قضايا السياسية, العدد 64.

فيروز،عيشاوي& عائشه،بومية (2019), الديموقراطية التوافقية و أثرها على الأستقرار السياسي, رسالة ماجستير, كلية الحقوق و العلوم السياسة, جامعة أحمد دراية أدرار.

-منصور،ماجدة عبد الشافي خالد(2020), التحول الديموقراطي وأثره على المشاركة الشعبية في الاصلاح الدستوري دراسة مقارنة, منشور كلية الحقوق الدراسات العليا و البحوث, جامعة بنها.

-ساحلي،مبرك (صيف 2019), الديموقراطية التوافقية كألية لحل الصراعات الداخلية لبنان انموذجا, مجلة بحوث و الدراسات, جامعة وادي, مجلد(16), عدد,(02).

ابوجاموس،نبهان سالم مرزق(2020) ، الديموقراطية التوافقية وإنعكاساتها على اداره التنوع الإثني، مجلة الأكادمية العربية في دانمارك، العدد (24).

نسرين،نموشي(2018), التحول الديموقراطي مقاربة مفهومية و نظرية, مجلة دراسات قانونية و السياسية, مجلد 1, العدد1,

نعمان،هندرين أشرف(2020), المحاصصة السياسية و مدى إنسجامها مع مقومات الحكم الرشيد, مجلة الأكاديمية العربية في الدنمارك, العدد (24), pdf,

**شەشەم: لینکی ئەلکترۆنی**

**أ-کوردییەکان:**

علی، جەعفەر (بەرواری بڵاوکراوە: 2022/2/15)، دیموکراسییەتی تەوافقی، شکستی ئەزموونی عێراق، ماڵپەڕی (زەمەن پرێس)، ، لینکی بڵاوکراوە:https://www.zamenpress.com بەرواری سەردانیکردنی ماڵپەڕ: 2025/1/2

احمد، سەروەر حمە (بەرواری بڵاوکراوە: 2023/3/17)، ئاڵینگارییەکانی بەردەم دیموکراسی تەوافقی لە عێراق، ماڵپەڕی (چاوی کورد)، ، لینکی بڵاوکراوە:https://chawykurd.com

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خليل،هيوا مجيد (بەرواری بڵاوكراوە: 2020/12/2)، ديموكراسی تەوافقی لە عێراق، ماڵپەڕی(پێنوس)، لينكی بڵاوكراوە: https://www.penus.krd بەرواری سەردانيكردنی ماڵپەڕ: 2024/12/21

**ب-عەرەبييەكان:**

عمل،ورقة (تأريخ النشر (2015/6/15)، الديموقراطية التوافقية المفهوم و النشأة و إشكاليات التطبيق, مركز القدس للدراسات السياسية, رابط الألكتروني: https://www.alqudscenter.org, تأريخ الزيارة: 2025/1/30

---------------------------------------------------------------------------------------------------

# Democratic transformation in post-2003 Iraq: between constitutional Impediments and Consociationalism

**Chawan Yassin Ahmad**
Department of Political Science, College of Political Sciences, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
Email: chawan.ahmad@univsul.edu.iq

**Asst. Prof. Dr. Muhammed Sabir Kareem**
Department of Political Science, College of Political Sciences, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Muhamed.karem@univsul.edu.iq

## Abstract

The democratic transition process in post-2003 Iraq has faced numerous obstacles and barriers. The most prominent of these are related to problems inherent in Iraq's permanent 2005 Constitution, while others stem from the challenges created by the implementation of consociational democracy in the country. This form of democracy has contributed more to deepening Iraq's ethno-sectarian conflicts rather than resolving the issue of pluralism in the

country. Moreover, the problems resulting from its implementation have become barriers to the democratic transition process and have hindered the proper functioning of the country's formal institutions.
This research academically and scientifically investigates the main obstacles facing the democratic transition process in contemporary Iraq, while seeking solutions to the central research problem, which is framed in the following main question: What role have Iraq's 2005 Constitution and consociational democracy played in hindering the democratic transition process in post-2003 Iraq? Through scientific efforts to answer the research question, it has concluded that the consociational democracy model is one of the main obstacles to the democratic transition process in post-2003 Iraq, in addition to the problems associated with the 2005 permanent Constitution, which have become barriers to the realization of this process.

***Keywords:*** *Constitution, Democracy, Consociationalism, Democratic transformation*

# التحول الديموقراطي في العراق بعد 2003 بين معوقات تطبيق الدستور و الديموقراطية التوافقية

**ملخص:**
لقد واجهت عملية التحول الديمقراطي في العراق ما بعد عام 2003 عقبات عدة، أبرزها ما تتصل بالإشكاليات الموجودة في الدستور العراقي الدائم لعام 2005، وكذلك عقبات تتصل بالتحديات الناتجة عن إتباع نموذج الديموقراطية التوافقية فيها ، فهذا النوع من الديمقراطية قد عمق الصراعات العرقية والطائفية في هذا البلد بقدر ما ساهم في حل مشكلة التعددية فيها، ذلك رغم المشاكل الناتجة عن تطبيقها والتي أصبحت تشكل عقبات أمام عملية التحول الديمقراطي و سير عمل المؤسسات الرسمية بشكل جيد فيها.
تناول هذه الدراسة بشكل علمي أهم المعوقات التي تواجه عملية التحول الديمقراطي في العراق المعاصر، ذلك بحثاً عن الحلول المناسبة والمنطقية لها، عليه يشكل السؤال الرئيسي للدراسة في: ما دور الدستور العراقي لعام 2005 والديمقراطية التوافقية في عدم تحقيق عملية التحول الديمقراطي في هذا البلد في الحقبة ما بعد عام 2003؟ و في محاولة للوصول إلى الإجابة على السؤال الرئيسي هذا وأسئلة البحث الأخرى تشكل فرضية البحث الرئيسة في أن نموذج الديمقراطية التوافقية تعد أحد المعوقات الرئيسية لعملية التحول الديمقراطي في العراق ما بعد عام 2003، وذلك على الرغم من المشاكل المرتبطة بالدستور الدائم لعام 2005 والتي أعاقت هذه العملية فيها.